# کاریگەری نەوت لە سەر سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کوردستان
# ١٩١٤- ١٩٢٣

هۆگر حسن پیرداود
بەشی میژوو - کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر- هەرێمی کوردستانی عیراق.

## پوختە:

ئەم لێکۆلینەوەیە باس لە کاریگەری نەوت، لەسەر سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان دەکات لە ماوەی سالانی ١٩١٤- ١٩٢٣. لە پێشەکی و، دەروازە و چوار تەوەر پێک هاتووە لەگەڵ ئەنجام و بە لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

لە دەروازەدا باس لە سەرەتاکانی پەیوەندی بە ریتانیەکان بە کوردستان و هۆکارەکانی هاتنیان بۆ ناوچەکە روون دەکاتەوە.تەوەری یەکەم، باس لە کاریگەری نەوت لە سەر هەولەکانی بەریتانیا بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات . نەوت لە گرینگترین هۆکارەکانی هاندانی شانشینی یەکگرتووبوو بۆ گرینگی دان بە کوردستان. هەرچی تەوەری دووەمە، تایبەتە بە واژوکردنی پەیمانی نهێنی سایکس پیکۆ بۆ دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هاوپەیمانان. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە نەوتی کوردستان و هەلویستی بەریتانیا لە پەیمان ورێکەوتن نامەکانی سالانی ١٩١٩- ١٩٢٠، وەك پەیمانی سیڤەر و ریکەوتنی نەوتی سانریمۆ و رێکەوتنی نهێنی سێ قۆلی ١٩٢٠ لە نێوان هاوپەیمانان .

لە تەوەری چوارەمیشدا باس لە ولایەتی مووسڵ و دانوسانەکانی بەریتانی– تورکی لە کۆنگرەی لۆزان١٩٢٣دەکرێت. لەوکاتی ناوچە نەوتیەکانی میسوپۆتامیا بەس لە ناوچەکانی ولایەتی مووسڵ بوو، کە ناوچەی کوردییەو، لە ناوچەی عەرەبی نەبوو.

لە ماوەی لێکۆلینەوەکەدا، سیاسەتی بەریتانیا جێگیر نەبووە بەرامبەر کوردستان، بە بەردەوامی گۆرانی بەسەردا هاتووە. لە رێکەوتنی سایکس پیکۆ و، لە دوایدا لە ماوەی کۆنگرەی ئاشتی پاریس، بەریتانیەکان وفەرەنسیەکان لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ولایەتی مووسڵ لە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناكۆكی دابوون. له‌ دوای گفتوگۆكانی ماوه‌ی كۆنگره‌كه‌و، واژووكردنی په‌یمانی سیڤه‌ر كوردستان دابه‌شكرا، هه‌رچه‌نده‌ سێ به‌ندی په‌یمانه‌كه‌ ده‌رباره‌ی دامه‌زراندنی ده‌وله‌تی سه‌ربه‌خۆی كوردستان بوو، به‌لام هه‌موو كوردستانی له‌ خۆ نه‌ده‌گرت، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا په‌یمانه‌كه‌ جێگه‌ی به‌ په‌یمانی لۆزان گیرایه‌وه‌ له‌ ره‌زامه‌ندی جولانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی تورك و، كێشه‌ی سنوری نێوان توركیاو عیراق چاره‌سه‌رنه‌كرا. كۆنفرانسه‌كه‌ مافی چاره‌ی خۆنوسینی بۆ نه‌ته‌وه‌ ناتوركه‌كانی ناو ده‌وله‌تی عوسمانی به‌دی نه‌هێنا، وه‌ك زلهێزه‌كان به‌ لێنیان دابوو له‌ ماوه‌ی جه‌نگه‌كه‌.

***وشه‌ سه‌ره‌كیه‌كان:*** *نه‌وت، به‌ریتانیا، كوردستان، سیڤر، سان ریمو.*

## پێشه‌كی:

سیاسه‌تی به‌ریتانیا له‌ به‌رامبه‌ر كوردستان هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌، په‌یوه‌ست بووه‌ به‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی و له‌ روانگه‌ی به‌ دیهێنانی ئامانجه‌كانی سه‌یری كوردستانی كردوه‌، چ ئامانجی سیاسی بن یا ئابوری. به‌ تایبه‌ت له‌ سه‌ره‌تایی سه‌ده‌ی بیسته‌م، كوردستان به‌شێكی سه‌ربه‌ ده‌وله‌تی عوسمانی، به‌شه‌كه‌ی دیكه‌ی له‌ چوارچێوه‌ی ده‌وله‌تی ئه‌وكاته‌ی ئێران دابوو. سیاسه‌ت وهه‌لویستی به‌ریتانیا له‌ هه‌مبه‌ر كوردستان له‌ ماوه‌ی ١٩١٤ بۆ ١٩٢٣ گۆرانی زۆری تێدا به‌دیده‌كرێت. به‌ تایبه‌تی له‌ بیدایه‌تی جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانی هه‌ولی دورخستنه‌وه‌ی ئاگری جه‌نگی ده‌دا له‌ هه‌ندێك له‌ ناوچه‌كانی كوردستا، به‌لام دواتر ده‌ستی كرد به‌ داگیركردنی ناوچه‌ كوردییه‌كان یه‌ك به‌ دوای یه‌ك وته‌نانه‌ت په‌یمانی ژێراوژێریشی مۆركرد له‌م پێناوه‌دا. له‌ سیڤه‌ردا پێداگری له‌ قه‌واره‌یه‌كی كوردی ده‌كرد به‌لام دواتر به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی له‌گه‌ل ئه‌و قه‌واره‌یه‌ هاوكۆك نه‌بوو بۆیه‌ له‌ په‌یمانی لۆزان، باسی نه‌ما. كۆمه‌لێك هۆكار كاری له‌ سیاسه‌تی به‌ریتانیا ده‌كرد، له‌ سه‌رووی هه‌موویانه‌وه‌، بوونی نه‌وتێكی زۆر له‌ كوردستان رۆلێكی یه‌ك لاكه‌ره‌وه‌ی بینی له‌ هه‌لكشان وداكشان له‌ سیاسه‌تی ئه‌م هێزه‌ به‌رامبه‌ر به‌ كوردستان.

گرینگی توێژینه‌وه‌یه‌كی له‌م شێوه‌یه‌ پێویستیه‌كی مێژووییه‌، هه‌روه‌ها ئه‌و كاریگه‌رییه‌ یه‌ك لاكه‌ره‌وه‌ی، سامانی نه‌وت له‌ سه‌ر به‌ریتانیه‌كانی دانا، له‌ دیاریكردنی چاره‌نوسی كوردستان، به‌ درێژایی ئه‌و ماوه‌ مێژووییه‌، پێویستی به‌ لێكۆلینه‌وه‌و به‌دواداچونی فراوان هه‌یه‌. نه‌بوونی زانیاری پێویست له‌ كاریگه‌ری نه‌وت له‌ سه‌ر كێشه‌ی كورد، به‌ تایبه‌تی پشت به‌ست به‌ ووته‌و لێدوان و به‌ڵگه‌نامه‌كانی سیاسه‌توان ولێكۆلینه‌وه‌ی به‌ریتانیا خۆیان، كه‌ كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی دروستكه‌ری رووداوه‌كانی ئه‌وكات بوون له‌ كوردستان وله‌ناو جه‌رگه‌ی رووداوه‌كان بوون، گرینگی خۆی هه‌یه‌.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکی و، دەروازە و پێنج تەوەر پێک هاتووە لەگەڵ ئەنجام و بە لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت. لە دەروازەدا، پەیوەندی بەریتانیەکان بە کوردستان تا جەنگی یەکەمی جیهانی و، هۆکارەکانی هاتن وگرینگی دانی بەریتانیا بە کوردستان وچونیەتی هەولدانیان بۆ بە دەست هینانی نەوتەکەی لە خۆ دەگرێت. لە تەوەری یەکەم دا، رۆڵی نەوت لە ئاراستەکردنی بەریتانیەکان بۆ ناوچە کوردییەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی روون دەکاتەوە، هەرچی تەوەری دووەمە، باسی نەوتی کوردستان لە دانوسانەکانی ریکەوتنامەی سایکس بیکۆی ١٩١٦ لە خۆ دەگرێت، لە تەوەری سێیەم دا، باس لە کاریگەری نەوت لە سەر هەلویستی ئینگلیز لە رێکەوتنەکانی سانریمۆ و پەیمانی سیڤەرو پەیمانی نهێنی سێ قۆلی دەکات. تەوری چوارەمیش تایبەتە بە دانوسان و دەمەقالێ ی بەریتانیای مەزن و تورک لە سەر کێشەی ولایەتی مووسڵ لە ماوەی کۆنگرەی لۆزان.

## دەروازە: پەیوەندی بەریتانیەکان بە کوردستان تا جەنگی یەکەمی جیهانی

دەولەتانی داگیرکەر بە هەر شێوەیەك بووبێت، ویستویانە پێگەی خۆیان لە رۆژهەلاتی ناوەند بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە هێز بکەن، بە کاریگەری بایەخی ستراتیژی سیاسی وئابورییەوە.بەریتانیەکان چاویان تێبریبوو. سالانێکی زۆر پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرجەم ناوچەکانی کەنداویان بە ناوچەکانی ناو بازنەی دەسەلاتی دەریایی خۆیان هەژماردەکرد. چاودێری بەردەوام و وردی ئەم هەرێمەیان دەکرد ولە هەلێک دەگەران جێ پێ ی خۆیان بکەنەوە. لە سەردەمانی کۆنەوە بەریتانیەکان دەسەلاتیان گەیشتبووە کەنداو وبەرە بەرە دەسەلاتیان فراوانتر دەبوو، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی لە ١٦٠٠، بە هاوکاری ئیرانیەکان لە ١٦٢٢دەستیان بەسەر گەرووی هورمز داگرت و پرتوگالیەکانیان وەدەرنا، ئەمەش رێ خۆشکەر بوو بۆ دەستگرتن بە سەر ئیرن و سێ ولایەتەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە میزوپۆتامیا، لە نێوان سالانی ١٦٣٥- ١٦٣٩ بۆ یەکەمین جار گەیشتنە ناوچەی بەسرە و دەربارەی هەرسێ ویلایەتی بەسرەو بەغداو شارەزوور زانیاریان کۆکردەوە، دەولەمەندی ناوچەکەیان لە رووی کانزاکانی ژێر زەوییەوە بۆ دەرکەوت. لە دوای پەرەسەندنی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات وپەرەسەندنی بزاوتی بازرگانی بەریتانیەکان، کۆمپانیاکە بووە چالاکترین کۆمەلەی هەواڵگری ئینگلیزی وبەشێکی زۆری چالاکیە بازرگانیەکانی کۆمپانیاکە، روو پۆشێک بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە، کارمەندانی کۆمپانیاکە سەردانی ناوچە کوردییەکانیان دەکرد، لە نموونەی ( کلۆدیوس جیمس ریچ)، گەریدە (مینیان) لە١٨٣٠ وپاشان لە سالی ١٨٣٤دا (جیمس یلی

فرایزەر) هاتونەتە کوردستان و زانیاری وردیان دەربارەی نووسیوە، دواتر سیاسەت مەدارانی بەریتانی بۆ دارشتنی نەخشەی ناوچەکە سودیان لێوەرگرتوە (١٢٣: ٢٠٠٧، ئاغجەلەری).

لە جەنگی کریما ١٨٥٧ەوەش بەریتانیاو فەرەنسا، ئیمتیازاتی راکێشانی هێلی ئاسنیان لە ئاسیای بچوك بە دەستهێنا، لە دەولەتی عوسمانی ( 1919: 333،Sarkar ).

لەو ماوەیەدا ناوچەکانی کوردستان لە ژێر قەلەم رەوی عوسمانیەکان و ئێرانیەکان دا بوو. لەو کاتەوەبەرە بەرە بەریتانیا لە هەوڵی بەردەوام دابوو بۆ جێپێقایمکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە کوردستان، وەك شوێنێکی دیارو پڕ بایەخ ودەولەمەند بە سامانی سروشتی لە سەرووی هەمویانەوە نەوت، وە ناوچەیەکی جوگرافی گرینگ وفراوان لە رۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیای بچوك دا.

لەم ڕووەوە چەندین هۆکارو پاڵنەر بوونە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان، هەنگاو بهاوێژن و بۆ جێ ی خۆکردنەوەو بە هێزکردنی پێگەی خۆیان چەندین ئامرازیان بەکارهێنا بۆ وەدیهێنانی ئامانج وبەرژەوەندیەکانیان.

## أ- هۆکارەکانی پەلهاویشتنی بەریتانیا بۆ کوردستان:

لەگەڵ هاتنی سەدەی ١٩، کۆمەڵێک هۆکار بەریتانیای خستە بیری گەیشتن بە ناوچەکانی کوردستان و بە دیهێنانی بەرژەوەندییە ئابوری وسیاسی یەکانی لە ناوچەکە مشت ومری زۆری دروست کرد لە ناوەندی بریار لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا.

گەلێک هۆکار لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە، بەلام هەندیک جار ئەم هۆکارانە دروست نین یا خود زیدەرۆیی تێداکراوە، یان ئەوەتا پشتی بە سەرچاوەی روون ونزیک لە روداوەکان نەبەستووە، یا بە شێوەیەك ئاماژەی پێکراوە کە زیاتر لایەنی سۆزداری تێدا زالە و ورد نین. ئەوەی جێگای ئاماژەیە هۆکارەکانی پالنەری بەریتانیەکان گۆرانی بەسەر داهاتومو تەنیا هۆکاریک نەبووە. لە سەرەتا بازرگانی تەنیا هۆکاری هاندەرەی ئینگلیزەکانە بەلام دواتر هۆکاری دیکەی وەك دابینککردنی رێگەی بەرەو هیندی سەر بە ئیمپراتریەتەکەیان، لە ریگەی کوردستانەوە دێتە بەرباس و لە دواترینیشیان خۆی لە نەوت دەبینێتەوە، بەوەی کوردستان ناوچەیەکی دەولەمەند لە نەوت هەژماردەکرێت، ئەمەش لە راپۆرت و نوسینەکانی گەریدە رۆژئاواییەکان و ئەفسەرانی نێردەی زلهێزەکان رەنگی داوەتەوەو باسکراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ نیشاندانی رووی راستی هۆکارو پاڵنەرەکانی بەریتانیا بۆ کوردستان، پشت دەبەستین بەو محازەرەی کە یەك لە پلە دارەکانی سوپای بەریتانیا و بەشداربووی هێرشەکەی سەر کوردستان لە جەنگی یەکەمی جیهانی، مێجەر ئیڤانس (Evans) کە لە مانگی شوباتی ١٩٢٣ ئەم وتارەی لە ژێر ناونیشانی The strategy of the Campaign in Mesopotamia 1914-1918 ستراتیژی حەملەکەی میسوپۆتامیا(Evans. 1923: 1)، میسوپۆتامیا پێک دێت لە دوو بەشی سەرو خواروو، ولایەتی مووسڵ بەشی سەرووی پێک دەهێنێت) ( Traveller, 1921: 443 )، پێشکەش کردوە لە رۆیال هۆرس گارد لە لندن بۆ پلە دارە سەربازیەکانی ولاتەکەی.

ئەو بەبێ پەردەو بەراشکاوی باس لە چاوتێبرین وتەماع کارییەکانی ولاتەکەی دەکات ودەڵێت: لە سەدەی ١٩ هوە بەرژەوەندی بازرگانیمان لە میسوپۆتامیا( هەرسێ ولایەتی بەغداو بەسراو مووسڵ دەگرێتەوە) دەستی کرد بەگەشە سەندن، لە هەمانکاتدا بەریتانیا ویستی بنیادنانی رێگایەکی وشکانی هەبوو بۆ بەستنەوەی ئەوروپا بەهیندی سەر بە ئیمپراتۆریەتەکەی، و بە میسوپۆتامیا تێدەپەری. بەریتانیەکانی وروژاند کە بوونی بەریتانیا لە کەنداوی فارس، میسوپۆتامیا پێویستیەکی ستراتیژیە بۆ ئیمپراتۆریەتەکەیان(Evans, 1923: 1) بەریتانیا هەر لە سەرەتای سەدەی ١٩هوە ویست وپلانی هەبوو کوردستان بە ناوچەی دیکەوە بلکێنێ بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی بازرگانی گەورەو فراوان، بۆ بەدیهێنانی ئەم پلانەش دەیویست میسوپۆتامیاو سوریا لەسەر هێلێک، وە ئاسیای ناوەراست و هیند لە تەنیشتیەوە، لەگەڵ ئێران وکوردستان لە لایەکی ترەوە، بەیەکەوە بگەیەنێ وبیخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە(Pirdawood , 2013: 17)

هەروەها ئیڤانس، باس لە هاتنی سەدەی بیستەم دەکات، کە هۆکاری دیکە هاتنە پێشەوە، ئەویش خەریک بوونی ئەلمانەکان بوو بە راکێشانی هێلی ئاسنی بەغدا_بەرلین بوو،هاندەریکی دیکە بوو بۆ هەوڵدانی بەریتانیەکان بۆ ناوچەکە، دواتریش دۆزینەوەی نەوت بوو لە کوردستان بە شێوەیەکی فراوان، لە ناوچەی شۆستەر کە بە کاریگەرترین هۆکارەکانی دادەنرێت لە پشت هاتنی بەریتانیەکان بۆ کوردستان وهەوڵدان بۆ دەست بەسەرداگرتنی 1923: (Evans, 1)

لە میسوپۆتامیا، وەك ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، هەزارەها سالە، زانراوە کانی وسەرچاوەی نەوتی هەیە، لە لایەن خەڵکی ناوچەکە بەکارهێنراوە نەك بۆ پیشەسازی پێشکەوتوو. بەرژەوەندی ئەوروپیەکان بۆ سودبینین لە نەوتی میسوپۆتامیا لە بواری بازرگانی بۆ چارەگی کۆتایی سەدەی ١٩ دەگەرێتەوە، کە بە تاك و گروپ سەردانی ناوچەکەیان دەکرد پێش سەدەی بیستەم. زۆر راپۆرت لەسەر نەوتەکەی ئامادەکرا (15 Kent, 1976 ).

باسکردن لە نەوتی میسوپۆتامیا، ناوچەی سەرووی میسوپۆتامیا دەگرێتەوە، ناوچەی نەوتی بوون لە باکور کە ولایەتی مووسڵ یان جەزیرەی پێدەگوترێ، وە لە بەشەکەی دیکەی کە ولایەتی بصرەو بەغدا یان خوارووی میسوپۆتامیا نەوت نەبووە، بۆیە کە باس لە نەوت دەکرێت، تەنیا ناوچە کوردییەکان ناوچەی نەوتی بوون ( Traveller, 1921: 446).

## ب- هەولەکانی بەریتانیا بۆ بەدەست هێنانی نەوتەکەی:

دەولەمەندی خاکی کوردستان لە بوونی نەوت رۆڵیکی گەورەو یەك لاکەرەوەی هەبوو لە ئاراستەکردنی بەریتانیەکان بۆ کوردستان ویەك لایی کردنەوە پێشهاتەکانی ناوچەکە. زۆری نەوت ودەولەمەندی چالە نەوتیەکانی، بە شێوەیەکی زانستی ومەیدانی دەرخرابوو لە لایەن نێردراوی دەولەتە داگیرکەرەکان، بۆ نموونە پێش سەدەی بیستەم حکومەتی فەرەنسا، دیمۆرگان ( De Morgan)ی ناردبوو بۆ پشکنینی ناوچەکەو زانیاری جوگرافی کۆکردەوەودەربارەی نەوت راگەیاند چالە نەوتیەکان هەر لە کەرکوکەوە تا قسری شیرین بۆ باکوری پشتی کۆ لە رۆژهەلاتی کوردستان درێژدەبنەوە، رێژەیەکی زۆر فراوانی نەوتیان تێدایە ئینگلیزەکانیش زانیاریان هەبوو لە نوسراوی گەریدەکانیان باسیان کردوە (Maunsell, 1897:528). هەروەها ناوچەکانی زاخۆ وقەیارەش لە پاڵ کرکوك بە ناوچەی نەوتی لە لایەن پرۆفیسۆر تزارت (Tassart) ی فەرەنسی دەست نیشانکرابوو لە دوای گەرانی بە ولایەتی مووسڵ ( Pirdawood, 2013:20).

نەوت سەرەکیترین هۆکارێک بوو، کاری لە دیدگاو روئیای سیاسەت وان وبریار بەدەستانی دەولەتی بەریتانیا کرد سەبارەت بە کوردستان ودانیشتوانەکەی. هەولەکانی بەریتانیا لە پێناوی بەدەستهێنانی نەوتی کوردستان، خۆی لە چوارچێوەی وەدەستهێنانی ماف و امتیازات و رێکەوتن و پەیمانی نهێنی، تەنانەت هێرشی سەربازی لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دەبینێتوە.

تەنانەت نەوتی ناوچە کوردییەکان وای کردبوو ئینگلیزەکان، ناوچەی دیکەش بایەخ پێبدەن وهەوڵی دەست بەسەر داگرتنی بدەن، لە پێناوی پارێزگاریکردنی کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەکانی کوردستان. ئەمەش لە قسەکانی بەشێک لە لێپرسراوانی هێزەکانی بەریتانیای مەزن بەراشکاوی دەربراوە، هەروەکو میجەر بۆردیلۆن دەڵێ، چونی ئێمە بۆ بصرە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتیەکانی ئەنگلۆ فارسی بوو (Bourdillon,1924: 274) کە لە ٢٨ی مایسی ١٩٠١ ئینگلیز لە رێگەی ویلیام ناکس دارسی لە ولاتی فارس دا، مافی دەرهێنان و دابەشکردنی نەوتی بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ماوی شەست ساڵ لە هەموو ئیمپراتۆریەتەکەدا بەدەستهێنا بە رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە ( ٤٥: ٢٠٠٨، لۆنی).

وە بە رێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی هۆزەکانی بەختیاری، دانیشتوی ناوچە نەوتیەکان، لە رۆژهەلاتی کوردستان وبالا دەست لە ناوچەی کێلگە نەوتیەکان، کۆمپانیاکە توانی لە ریگەی ئەم رێکەوتنەوە، وا لە سەرکردەکان بکات تەداخوڵ لە کاری کۆمپانیاکە نەکەن، دەورێکی لە رادەبەدەر باشی بینی بۆ رازیکردنیان وبوو بە جێگای بایەخی ئەو سەرکردانە ( Traveller, 1921: 446). ئەمەش دەرخەری ئەو راستیییە، بەریتانیەکان بۆ دورخستنەوەی ئاگری شەرو بەردەوامی دان لە دابینکردنی ئەم کالایەو سەرچاوەی ووزە،ئامادەبوو رێکبکەوێ لەگەڵ کەسایەتی هۆزەکانی ناوچەکە و رازیکردنیان بە هەر نرخێک بێت، ئەگەرچی لە روی ئیداری ویاساییەوەبە رەسمی مۆلەتیان لە حکومەتی ناوەند پێدرابوو. بیرە نەوتیەکانی کۆمپانیا ئەنگلۆ فارسی لە ناوچە سنوریەکانی نێوان باشوری کوردستان و رۆژهەلاتی کوردستان وناوچەی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان بوو. تەنانەت بئینگلزەکان لە رێگەی ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ روسەکان واژوویانکرد، لە ٣١ ئابی ١٩٠٧دەربارەی دابەشکردنی ناوچەکانی ئێرن لە نێوان هەردوولادا، بەشی رۆژهەلاتی کوردستان یان خستە نێو بازنەی دەسەلاتیانەوە ( Sarkar, 1919: 341).

هەرچی سەبارەت بە کوردستانی عوسمانی یە، دوای ئەوەی نێردەی تەکنیکی ئەلمانیا لە ١٩٠١ رای گەیان سەرچاوەکانی نەوتی میسوپۆتامیا زامنی پرۆسە گەلێکی زۆرو فراوان دەکات، سێ ساڵ دواتر ئەلمانەکان (Earle, 1924: 267 ) امتیازی دەرهێنانی نەوتی ولایەتی مووسڵ یان بە دەستهێنا، بەریتانیەکانیش چاوی تەماعیان بریبوە نەوتەکەی وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی. لە رێگەی ولیام ناکس دارسی( دامەزرینەری وزەی نەوتی بەریتانی لە ئیران) ئەو لە ١٩٠٦ بە پشتگیری تەواوی بالیوزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ، داوای رەسمی پێشکەش بە سولتانی عوسمانی کرد، بۆ مافی دەرهێنانی نەوت لە ولایەتی مووسڵ( باشوری کوردستان) بەلام ئەنجامی نەبوو، هەولەکان لەم پێناوەدا بەردەوام بوون. هەر لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی هەردوو لایەنی بەریتانی وئەلمانی لە سەر نەوتی ولایەتەکە گەیشتنە لێکتێگەیشتن ورێکەوتن وکۆمپانیای نەوتی تورکیان پێکهێنا، کە امتیازی دەرهێنانی نەوتەکەی لە لایەن وەزیری دارایی دەولەتی عوسمانی پەسنکرا. بە گوێرەی رێکەوتنەکە سێ چارەگی نەوتەکە بۆ بەریتانیاو یەك لەسەر چواریشی بۆ ئەلمانەکان بێت، بەلام هەلگیرسانی جەنگی جیهانی ئەم کارەی وەستاند (Buell, 1923: 931)، بە تایبەتی هێشتا پەرلەمانی دەولەتی عوسمانی رێکەوتنەکەی پەسند نەکردبوو، پێش هەلگیرسانی جەنگەکە ( Carter, 1926: 496).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

کۆششەکانی بەریتانیا هەر لە چوارچێوەی داواکاری پێشکەشکردن لە لایەن کۆمپانیاو سەرمایەدارەکاندا نەمایەوە، بەڵکو حکومەتی لندن هەولی کۆنترۆڵکردنی دەدا. سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وینستۆن چەرچل لە مانگی ٧ی ١٩١٣، لە پێش ئەنجومەنی گشتی ولاتەکەی رای گەیان، حکومەت دەبێتە خاوەنی یان هەر چۆنیک بێت کۆنترۆڵکەری سەرچاوە یان بەلایەنی کەم خاوەنداریەتی بەشێک لە نەوتەکە کە هێزی دەریایی بەریتانی پێویستیەتی. ئەمەش لە بەشی کوردستانی چوارچێوەی ئێرانی جێبەجێکرا، دوای ئەوەی چەند مانگێک دواتر هەنگاوی کرداری نرا بۆ کرینەوەو کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی لە لایەن حکومەتی خاوەنشکۆ، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا زۆر نیگەرانی شوێنگەی بەرژەوەندییەکانی بوو لە کۆمپانیای نەوتی تورکی کە لە ١٩ ئازاری ١٩١٤ بە دەستی هێنابوو ( Earle, 1924: 270 ). جەنگی یەکەمی جیهانیش، دەرفەتێک بوو، بۆجێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نوێیەی ئینگلیز، کە لە قسەکانی چرچل سەرچاوەی گرتبوو، بەریتانیەکان دەستیان کرد بە هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و دەستگرتن بەسەریاندا.

## تەوەری یەکەم: رۆڵی نەوت لە ئاراستەکردنی بەریتانیەکان بۆ ناوچە کوردییەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی

جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووداوێکی گەورەی جیهانی بوو لە سەدەی بیستەم، لە ١٩١٤ تا ١٩١٨ بەردەوام بوو. کوردستان لە چوارچێوەی هەردوو دەولەتی عوسمانی وئێرانی، لە جەرگەی رۆژهەلاتی ناوەراست، بووە شوێنگەو گۆرەپانی جەنگ وململانێ ی هێزەکانی ئەوروپا. بووە مایەی ماڵ وێرانی خەڵکەکەی و دابرکردنی خاکی کوردستان، بە تایبەتی کوردستان، خاوەنی شوێنگەیەکی ستراتیژو وسامانێکی زۆرو لە بن نەهاتوو بوو، بووە ئامانجی زلهێزەکان لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا، لە پێش جەنگەکەش لە هەولی بە دەستهێنانی مافی دەرهێنانی نەوت ودەستگرتن بەسەر ناوچە نەوتیەکانی کوردستان دابوو. شەری یەکەمی جیهانیش بواری دا بە ئینگلیزەکان و دەرفەتێک بوو بۆ دابینکردی نەوت بە شێوەیەکی فراوان لە رۆژهەلاتی ناوەراست ( Gibson, 2012: 2)، بە تایبەت لە ماوەی شەرکەدا، بەرە بەرە بایەخی ستراتیژی ئەو کالا پیشە سازییە مەزنە زیاتر دەرکەوت، ئەمەش وای کرد، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەگەڵ دەریای ئەتلەسی دا ببن بە بنکەیەکی گرینگ بۆ شەری نەوتەکەی(لۆنی، ٢٠٠٨: ٧٤)، لە پێش شەرەکەش نەوت بەرە بەرە شوێنی خەلوزی دەگرتەوە لە بەکارهێنان (Mejcher, 1977: 383)، بە تایبەتی لە بەردەوامی جەنگەکە، بەکارهێنانی نەوت لە لایەن کەشتیەکانەوە، بەرزدەبۆیەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەکاربردنی نەوتی کەشتیە جەنگیەکانی بەریتانیا، لە مانگی کانونی دووەمی ١٩١٥، لە ( ٨٠٥٠٠) تەنەوە بەرز بۆیەوە بۆ ( ١٩٠٠٠٠) تەن لە هەمان مانگی ١٩١٧، بەرزبوونەوەی لە ناکاوی بەکارهێنان وداواکاری لە سەر ئەم کالایە لە ماوەی یەك سالٌدا، فشاری خستە سەر سیاسەتی شانشینی یەکگرتوو بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەی فراوانی نەوت ( Jones, 1977: 655).

ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی دەستگرتن بەسەر هەریمە نەوتیەکانی ئێران و میسوپۆتامیا لە یەکەمین ئامانجەکانی شەری ئیمراتۆریەتی بەریتانیا بێت (Mejcher,1977: 385 )، تەنانەت پێش ئەوەی شەر لە نێوان ئینگلیزو دەولەتی عوسمانی بەرپابێت، نەوتی کوردستان بوو، وای کرد شەر لە دژی دەولەتی عوسمانی رابگەینن وهۆکاری بەیەکدادانیان بوو، بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکان.

دەولەمەندی چالە نەوتیەکان، بە یەکەم وسەرەکیترین هاندەری بەریتانیەکانیش دادەنرێت بۆ پەلٌهاویشت و دەست گرتن بەسەر ناوچەکانی کوردستان وداگیرکردنی، ئەمەش بەروونی لە نوسراو و بەلٌگەنامە کان بەروون وئاشکرا دیارە، هەروەکو دیبلۆماتکاری ئەمریکی، جۆن کارتەر (John Carter ) لە بابەتێکی لە ژێر ناوی ململانێ ی زیاتر لەسەر کێلگە نەوتیەکانی تورك ( The bitter conflict over Turkish Oilfields)، لە ١٩٢٦ لە گۆڤاری (Current History) دا بلاوکراوەتەوە، دەلێ، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٥، کاتێک دەولەتی عوسمانی بە کۆمپانیای دارسی سەر بە بەریتانیای راگەیاند، داواکاریان دەربارەی نەوتی ولایەتی مووسلٌ ( باشوری کوردستان) نایاساییەو رەتکراوەتەوە، پەرچە کرداری ئینگلیزەکانی بە دواوە هات. جێگری پاشای بەریتانیا لە هیند، لۆرد کریوی، یەکەیەکی سەربازی هیندی نارد بۆ داگیر کردنی بەسرە، شەشە هەفتە پێش ئەوەی جەنگ لە نێوان بەریتانیاو عوسمانیەکان بەرپا بێت ( Carter,1926: 496) وە ئەم هێزە فەرمانیان پێکرا رێز لە بێ لایەنی ئیران بگرن، بۆ ئەوەی پاراستی ئارامی ناوچەی کێلگە نەوتیەکان بپارێزن، پێداویستی کردە سەربازییەکان ئاستەنگی نەیەتە رێ، ئەمەش لە پاراستنی مومتەلەکاتی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی دەهاتە دی کە ووزەی کردە سەربازییەکانی دابین دەکرد( Carter,1926, 496)، تەنانەت هاتنی بەریتانیەکان ودابەزین یان بۆ بصرە پێشتریش لە ١٩١٤ بۆ پاراستنی کێلگە نەوتیەکان بوو لە هەر هەرەشەو مەترسیەکی لێدانی تورکەکان، وە دەست بەسەرداگرتنی بصرە ی ژێر دەسەلاتی عوسمانی، بە پێویست زانرا بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی ئاسایشی کێلگە نەوتیەکان بەردەوام بێ، چونکە پێش جەنگەکە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسی مافی دەرهێنانی نەوتی وەرگرتبوو لە حکومەتی ئێران وکاری دەرهینانی نەوتی دەکرد( Traveller,1921: 446).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئینگلیزەکان لەم رووەوە سیاسەتی خۆیان پەیوەست بە کەنداوی فارس وا دارشتبوو، لە حالەتی سەرهەڵدانی کیشەی ناوخۆیی لە ناوچەکانی سەرچاوەی نەوتیان، ئەوان ئەوناوچەیە داگیر دەکەن (Pirdawood, 2013:21)

لە پاش چوونە نێو میسوپۆتامیا، ئینگلیزەکان بۆ هەلسەنگاندنی ناوچەکەو دیاریکردنی پێگەیان وئەو ناوچانەی پێویستە داگیربکرێن، لە ٣٠ مانگی شەشی ١٩١٥، لیژنەیەکیان پێک هێنا بە سەرۆکایەتی مۆریس دی بنسن (Maurice de Bunsen )، بە گوێرەی بەدواداچوونەکان، جارێکی دیکە نەوتی کوردستان دەبێت باس و تەوەرێکی گرینگ بۆ بەریتانیەکان. لیژنەکەی موریس کاتێک هاتنە ناوچەکەو لە راپۆرتەکەیان دا، جەختی لەوە کردەوە، پێویستە ولایەتی مووسڵ( باشوری کوردستان لە لایەن بەریتانیاوە دەستی بەسەردابگیردرێت، بە هۆی هەبوونی نەوتەکەی وگرینگی سەربازی ناوچەکە ( Fitzgerald, 1994: 706). ئەمەش هەر لە چوارچێوەی راسپاردە نەمایەوە، بە ڵکو بەریتانیەکان بە کردار هەنگاویان بۆنا، دوای چەندین نوشت وشکان لە بەرامبەر تورکەکان، لە ئاراستەیان بەرەو داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان کۆلیان نەداو بەردەوام بوون لە بەرەوپێش چوون بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی ولایەتەکە.

وێرای شکستیان لە ١٩١٦ لە ناوچەکانی خواروی میسوپۆتامیا کە بووە هۆی دەست بەسەراگرتنی کرمشان و هەمەدان لەلایەن هێزەکانی عوسمانی وهەماهەنگی سوپای روسیای لەگەڵ بەریتانیای هاوپەیمانی جەنگەکەی دواخست، بەلام کەوتنی بەغدا لە١٩١٧ ودەرکردن ودیارنەمانی تورکەکان، بووە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان دەست بگرن بەسەر رۆژئاوای ئێران و بەشی رۆژهەلاتی کوردستان، کە بەناوچەی نێو بازنەی بەرژەوەندی خۆیان دادەنا ( Sarkar, 1919: 339). بەریتانیەکان لە پێشرەوییەکانیان بەردەوام بوون بە ئاراستەی باکورو ناوچەکانی باشوری کوردستان. بەر لە مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس، بە دوانزە رۆژ، شەرێکی قورسیان لە خواروی مووسڵ کرد، لە کاتێکدا دەیانزانی، دەولەتی عوسمانی وهاوپەیمانەکانی ئەمرۆ یا سبەی بە ناچاری خۆیان بەدەستەوە دەدەن، کە چی بەریتانیەکان دەوروبەری دووهەزار سەربازی خۆیان کردە قوربانی، بۆ ئەوەی بەر لە تەواو بوونی شەرکە هەندێک زیاتر بچنە پێشەوە. پێش ئەوە بە ماوەیەك لە شکری بەریتانی لە بەرەی باکوری رۆژهەلاتی بەغداوە باش چووە پێشەوەو رۆژی ٢٨نیسان ی ١٩١٨ توانی بچێتە ناوشاری کفری، دوای رۆژێکیش توزخورماتو ی داگیرکرد. دوای ئەویش کەرکوك( ٦٨- ٦٩: ١٩٧٥، ئەحمەد ).

تا کۆتایی مانگی حەوت ١٩١٨ لە ماوەی ئەو هەفتانەی روویاندا، هیچ پێشکەوتنێکی سەربازی رووی نەدا بە ئاراستەی باکور، بەلام بایەخەکانی نەوت و نیگەرانی دەسەلاتی هێزی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

دەریایی بەریتانی بۆ دۆخی داهاتووی نەوت لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، فشارێکی زۆری خستە سەر ئەنجومەنی وەزیران. کێشەی داهاتووی نەوت لە لایەن پسپۆرانی بەرهەمهێنانی بە (هانکی) سکرتێری ئەنجومەنی جەنگی، بەریتانی بوو، گەینراو بە شەخسی ونهێنی پێیان گووت، دۆخی داهاتووی نەوت دلنیایی نیەو ئەمریکا لەوانەیە هەموو ئەو نەوتەی بەرهەمی دێنێ بۆ خۆی بەکاریبهێنێ، وە بەهەمان شێوە بەرهەمهێنانی مەکسیکیش. بە هانکی راگەینرا کە گەورەترین کێلگەکانی نەوتی دەکەوێتە ئێران و میسوپۆتامیا، چالا نەوتیەکان درێژ دەبنەوە تا ئەوپەری با کوری مووسڵ (Mejcher,1972:383 ) ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەوتی ناوچەی زاخۆ، وە لە ئێران یش ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ناوچەی دەولەمەندی نەوت بوون.

لە پێناوی هێنانەدی ئەم ئامانجەو، ئەنجام دانی هێرشی سەربازی لە میسوپۆتامیا بە ئاراستەی باکور، سکرتێری ئەنجومەنی جەنگی، بە دەوری خۆی نامەی بۆ جیدس، بەرپرسی جەنگی هێزە دەریاییەکان ناردو تێدا دەستگرتنی بەریتانیا بەسەر هەریمە نەوتیەکان لە میسوپۆتامیاو ئێران بە یەکەمین ئامانجی جەنگی ئینگلیزەکان دەست نیشانکرد، ئەمەشی تێدا هاتبوو، بەر لە گەیشتنە گفتوگۆی ئاشتی و وەستانی شەر، ئیمە پێویستە خاوەنداریەتی هەموو هەرێمە نەوتیەکانی میسوپۆتامیاو ئێران بگرینە دەست. تەنانەت هانکی خۆی شارەزای نەوتی ناوچەکە بوو، دەیزانی هەرێمە نەوتیەکان دەکەونە دەوروبەری مووسڵ، چونکە خۆی ئەندامی کۆمیتەکەی (مۆریس دی بنسن )( Mejcher,1972:384).

ئەوفشارو هاندانانە، بووە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان هەرچی لە توانایاندا بێت بیکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان وبەردەوام بن لە هێرشەکانیان، ئەوەبوو تا مۆرکردنی ئاگر بەستی مۆدرۆس لە ٣٠تشرینی ١٩١٨ لە نێوان هاوپەیمانەکان وتورکیادا، هێزەکانی بەریتانیا دەسەلاتیان لە بەشێکی زۆری کوردستانی باشوردا دامەزراند لە قۆلی مووسڵەوە، تەنیا ١٢ میلیان مابوو بگەنە ناوشاری مووسڵ، بەلام گوییان نەدایە وەستانی شەرو ئاگربەست، بە بیانوی بەندی حەوتەمی مۆدرۆس، کە رێگەی پێدەدا لە کاتی پێویست دا هەموو ناوچەیەکی ستراتیژی دەست بەسەر دابگرێ، وە بەندی شازدەهەمی کە مەرجی خۆ بەدەستەودانی سەرجەم هێزەکانی عوسمانی لە میسوپۆتامیا کردبوو، چونکە سەنتەری شاری مووسڵەوە لە پاشان هەرناوچەیەکی کوردستانی باشور مابوو، داگیریانکرد ( ٧٢: ١٩٧٥، ئەحمەد).

ئاگر بەستی مۆدرۆس بە دواین قۆناغی پشکنینی رۆڵی نەوت دەژمێردرێت سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی ولایەتی مووسڵ( باشوری کوردستان) وکەوتنە ژێر رکیفی ئینگلیزەکان (٢٠: ١٩٩٨، نەوتی کوردستانی عیراق )، تەنانەت ئینگلیز، دەستی گرت بەسەر پشکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

٢٥٪ ئەو نەوتەش و کۆنترۆلکرد لە کۆمپانیا نەوتی تورکی، کە پێش جەنگەکە پشکی ئەڵمانەکان بوو، لە ئەنجامی ریکەوتنیان لە گەڵ بەریتانیا دەربارەی نەوتی ولایەتی مووسڵ لەسەری رێکەوتبوون (Earle, 1924: 273).

هێزەکانی ئینگلیز، تا کۆتایی ١٩١٨ هەموو بەشەکانی ولایەتی مووسڵ یان داگیر کرد، هەر لە خانەقینەوە بە ناو سلیمانی، رەواندز، ئاکرێ، ئامێدی تا جەزیرەی ئیبن عمر، کە سنوری باکوری کوردستانی باشوری دیاردەکرد ( Traveller, 1921 :450).

## تەوەری دووەم: نەوتی کوردستان ومشتومڕەکانی ریکەوتنامەی سایکس- بیکۆ ١٩١٦

روون وئاشکرایە گرینگترین ئامانجەکانی شەری یەکەمی جیهانی، دابەشکردنەوەی ناوچەکانی جیهان بوو، لەسەر خواستی زلهێزەکان کە لە سالانی شەرەکەدا چاویان تێبریبوو، لە سەرووی هەموویانەوە لەسەر مومتەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ولە هەڵ ودەرفەت دەگەران بۆ دابەشکردنی میراتەکان، بە هۆی گرینگی وبایەخی لە بواری ئابووری و دەولەمەندی لە سەرچاوەکانی پەترۆلدا (نەوتی کوردستانی عیراق، ١٩٩٨: ١٧).

ئینگلیزەکان تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆی دابوو، بەبێ لە بەرچاوگرتنی داهاتووی خەلک ودانیشتوانی کوردستان.

ناوچەکانی کوردستانیش بە ناوچەی دەولەمەند لە هەبوونی یەدەگی زۆری نەوت هەژماردەکرا لە دەولەتی عوسمانی، رۆلێکی خراپی بینی لە دابەشکردنی ئەم بەشەی سەر بە عوسمانیەکان، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کەوتنە دانوسان وگفتو گۆ، هەرسێ لایەنی بەریتانیا وفەرەنسا وروسیا، لە لندن و پیترسبۆرغ. سەرەتاش لە ٢١ ئۆکتۆبەری ١٩١٥، بەریتانیا داوای لە فەرەنسای هاوپەیمانی کرد بۆ ناردنی نوێنەری بۆ گفتوگۆ دەربارەی دابەشکردنی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە فەرەنسا هەبوو بۆ پشتگیری ئەو دەولەتە عەربیەی چاوەرێ دەکرا دابمەزرینرێ. بۆ ئەم مەبەستە جۆرج بیکۆ لەلایەن فەرنسا و بەریتانیاش مارك سایکس ی دەستنیشانکرد. لە یەکەم کۆبونەوەی ١٩ی کانونی دووەمی ١٩١٥، کە لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتیانیا بەرێوەچوو، بیکۆ داوای زۆربەی ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ ی کرد، بەلام دیپلۆماتی بەریتانی، ئەرسەر نیکلسۆن، سەرسامی دەربری بەوەی فەرنس ئەوەندە پەرۆشە بۆ خاك و گووتی لەوانەیە ئەوان قبولیان بێت، تاك لایەن ماف وامتیازی ئابوریان هەبێت وقازانج وەربگرن و رۆلیشیان ناراستەوخۆبێت!



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

شانشینی یەکگرتوو لە پێناوی نەوتەکەی ئامادەنەبوو دەست بەرداری باشوری کوردستان بیت، لە کۆبوونەوەی دوایی دا لەگەڵ مارك سایکس ریکەوتن مووسڵ بدرێت بە فەرنسا، بەلام کەرکوك وناوچەکانی دیکەی کوردستان باشور لە چوارچێوەی بازنەی دەسەلاتی بەریتانیا بێت ( Pirdawood, 2013:23). ئەگەرچی کەرکوك ناوچەیەکی دەولەمەندی نەوت بوو، بەلام پرسیارێک دێتە پێشەوە بۆچی ئینگلیزەکان دەستیان هەلگرت لە ناوچەیەکی فراوانی ولایەتی مووسڵ کە نەوتی تێدایە وەك زاخۆ( Fitfzgerald, 1994: 701)، وە لە راسپاردەکانی لیژنەکەی موریس لە ١٩١٥، جەختی لە گرینگی ناوچەکە کردبۆیەوە بۆ بەرژەوەندنی ئینگلیزەکان و داوای کرد پێویستە تا ئەوپەری باکوری ویلایەتەکە لە چوارچێوەی دەسەلاتیان دابێت، بە تایبەتی بە هۆی گرینگی پیترۆل.

رازی بوونی بەریتانیەکان لەم رووەوە، سەرەرایی ئەوەی کرکوك ی خاوەن نەوت لە دەستی خۆیان دەبێت، مووسڵ ی فەرەنسا دەبێتە هەرێمێکی جیاکەرەوەو لە مپەر لە نێوان هەردوو ناوچەی بەرژەوەندی بەریتانیاو روسیا لە ئاسیا( Fitfzgerald, 1994: 723 ). ئینگلیزەکان لە پێناوی مسۆگەر کردنی نەوتی ناوچەکانی دیکەی ولایەتەکە هێشتاش ئامادە نەبوون دەستی لێهەلبگرن ئەمەش لە مشتومرەکانیان دەردەکەوێ. تا ئەوکاتەی بەلێنیان لە فەرەنسیەکان وەرگرت بۆ رێزگرتن لە ماف وبەرژەوەندی ئابوری نەتەوایەتی بەریتانی لە هەموو هەرێمەکانی دەولەتی عوسمانی، کە دەبنە ناوچەی فەرەنسا یان لەچوارچێوەی بازنەی بەرژەوەندی فەرنسان ودەبنە ناوچەی گرینگ، کۆڵیان نەدا ودەستیان هەلنەگرن. ئەم بەلێنەش لە نامەکەی، پاول کامپیون، بالیوزی فەرەنسا لە لندن، بۆ ئیدوارد گری، سکرتێری دەولەت بۆ کاروباری دەرەوە لە حکومەتی بەریتانیا، جەختی لەسەر کراوەتەوە( Earle, 1924: 272 ).

لە رێکەوتنە نهێنیە جۆراوجۆرەکانی نێوان هاوپەیمانان لە ماوەی شەرەکەدا، پلان وپێگەی گونجاو دەستە بەرکرا لە جیاتی کۆمپانیای نەوتی تورکی کە سەر بە بەریتانیەکان بوو، بوونی مافی دەرهێنانی نەوتی ولایەتەکە، لە ئەنجام دا بوو بە سەرچاوەیەك دلنیایی دا بە گواستنەوەی مووسڵ بۆ ناوچەی دەسەلاتی بەریتانیا کە پەیمانی سیڤەر چەسپاندی ( Earle, 1924:272).

لە بەهاری 1916 ریکەوتنی نهێنی سایکس- بیکۆ مۆرکرا، کوردستان یان لە نێوان خۆیان دابەشکرد. بە گوێرەی رێکەوتنەکە روسیا هەرێمەکانی، ئەرزەرۆم و وان وبتلیس لەگەڵ بەشەکی باشوری کوردستان بە درێژایی هێلی موش- سعرت، جەزیرەی ئیبن عمر، ئامێدی وسنوری ئێران ی پێدرا. هەرچی بەشی فەرەنسایە، ناوچەکانی عەنتاب و ماردین بۆ سنورەکانی

داهاتوی روسیا، درێژ دەبۆیەوە، وە لە باکوریش درێژدەبۆیەوە تا خەربوت. هەرچی ناوچەی بەریتانی یە، بە پێ ڕێکەوتنەکە بەشی باشوری میسوپۆتامیا، کەرکوکیشی لە خۆی دەگرت ( Asiatic Turkey, 1918) سەیری نەخشەی ژمارە ١ بکە، ناوچەکانی (A) ئاماژەیە بۆناوچەی دەسەلاتی فەرنساو ناوچەکانی (B) دەکەوێتە چوارچیوەی دەسەلاتی ئینگلتەرا( The Partition of Turkey, 1920).

## تەوەری سێیەم: نەوتی کوردستان و هەلویستی بەریتانیا لە پەیمان وریکەوتن نامەکانی سالانی ١٩١٩- ١٩٢٠

### أ. کۆنگرەی ئاشتی پاریس ١٩١٩- ١٩٢٠

کۆنگرەی ئاشتی پارییس لە ١٩١٩- ١٩٢٠ بەرێوە چوو، لە نێوان لایەنە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، وا نیشان دەدرا بۆ هێنانەکایەی پەیمانی ئاشتی ئاشتی یە، لەگەڵ هێزەکانی ناوەراست ودۆراوی جەنگەکە، لە نێویشیان دا دەولەتی عوسمانی وچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هاتوونەتە پێش، بە بیانوی پشت بەستن بە چوارده خالەکەی سەرۆکی ئەمریکا، ویدرۆ ویلسن، دەربارەی چارەسەرکردنی کیشەکانی دوای جەنگ ومافی گەلان، لە پاریس کۆبوونەوە (Bernadotte, 1960: 101)، بەلام ئەو مشتومرو ڕێکەوتنە نهێنی وئاشکرا یانەی لەم ماوەیەدا کرا لە نێوان زلهێزەکان، لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان وبە دەستهێنانی خاك وسامانی ناوچەکان، دەرخەری ئەوراستیەیە کە ئەو کۆنگرەیە ئامانجی دابەشکردن ی ناوچەکان وخستنە ژێر دەستی خۆیانە بە کوردستانی چوارچیوەی سنوری دەولەتی عوسمانی یشەوە، کە ناوچەیەکی ستراتیژو دەولەمەندی پەترۆلی جیهان بوو. بە تایبەتی بوونی نەوتەکەی هاندەرێکی کاریگەر لە بریارو سیاسەتی بەریتانی، بۆ ئەوەی ویست وئامانجەکانی لەم بەشەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەدی بهینێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەش بوایە لەگەڵ، خواستەکان و بەرژوەندی دانیشتوانی کوردستان.

لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، زلهێزەکان کەوتنە گفتوگۆ لەسەر نەوت وخاکی کوردستان، نەوت لە دوای جەنگەکەش وەك هۆکارێکی بەردەوامی ململانێکانیان بوو، لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا لە روانگەی بەرژوندییەکانی خۆیەوە دەیروانیە کوردستان وسیاسەتێکی جێگر ودیاریکراوی نەبووەو بەردەوام گۆران لە سیاسەتی بەدی دەکرێت، لەبەر بەرژەوەندیەکانی هەلویستی سیاسی بەرامبەر کوردستان گۆرانی بەسەر داهاتووەو مایەی بێزاری ونارازی بوونی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەڵکی کوردستانیش بووە. بۆ نموونە لە ڕێکەوتنی سیڤەر بەریتانیەکان پێداگریان، لە وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی لە ئەنجام داسەر بەخۆیی بۆ کورد لە بەشێکی دیاریکراوی کوردستان، دەکرد چونکە یارمەتی بەهێزکردنی چنگی لە نەوتی کوردستان دەکرد، بەلام لە ڕێکەوتنی لۆزان ١٩٢٣، بە ئاشکرا ئەو قەوارە کوردییە و تەنانەت ناوی کوردستانیش باسی نەما، چونکە بەرژەوەندییەکانی بەو شێوە بەدیدەکرا، لە سیاسەتیشی ڕەنگی دابۆیەوە.

هەروەکو میخائیل لازاریف، کوردناسی روسی، ئاماژە ی پێ دەکات، دوای کۆتایی هاتنی شەرەکە، ئەمریکاو بەریتانیا، خەڵکی کوردستانیان زویرو تورەکرد و، بوونە مایەی کێشە نانەوەو تەواوی ناوچە دەولەمەندەکانی نەوتیان گرت لە کوردستان بۆ ئەوەی یارمەتی وتوانا بدەنە پشتیوانە کۆلۆنیالیستەکانی خۆیان بۆ دروستکردنی ناوەندیکی کردەیی لە دژی یەکیتی شۆڤیەت (Pirdawood, 2013: 31). ناوچەکانی کوردستانیان کردە شوێنگەی بە دیهێنانی ئامانجەکانیان و بەکارهێنانی کوردستان ودانیشتوانەکەی بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی و بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان وخاکەکەی.

یەك لەو بابەتانەی بووە جێگەی گفتوگۆ، ولایەتی مووسڵ( باشوری کوردستان) بوو، پاش سێ هەفتە لە نەمانی جەنگ، مشت ومر لەسەر ولایەتەکە لە نێوان بەریتانی وفەرەنسیەکان سەری هەڵدایەوە، بە گوێرەی سەرچاوەکان ،جۆرج کلیمینسۆ، سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، دەستی هەڵگرت لە ولایەتی مووسڵ و کۆنترۆلکردنی هەموو باکوری میسوپۆتامیای بەخشیە بەریتانیا، رازیبوون لە تەنازوڵکردن لە مووسڵ لە گفتو گۆیەکی تایبەتی بوو لە نێوان، کلیمنسۆ و لۆید جورج، لە بالیوزخانەی فەرەنسا لە لندن، کە لە ١ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ ئەنجامدرا (Fitzgerald, 1994: 97 )، کاتێ سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا پرسیاری لە هاوتا بەریتانیەکەی کرد، ئینگلیز چی دەوێت لە فەرەنسا. ئەو لەوەلام دا گوتبووی ئەوان دەیانەوێت فەلەستین وموسڵ یان هەبێت، ئەویش رازی بوو، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکی رەسمی تۆمار بکرێ ( Pirdawood, 2013: 31) .بەلام سەرچاوەی دیکە ئاماژە دەکەن فەرەنسیەکان بەبێ بەرامبەر دەستیان لە ولایەتی مووسڵ هەڵنەگرتووە. لەم بارەیەوە، مێژوونووسی زانکۆی هارڤارد، ریمۆن بویل ( Raymond Buell) دەڵێ، لە ١٩١٨ لوید جۆرج قەناعەتی بە سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا هێنا بۆ وازهێنان لە مووسڵ بۆ بەریتانیا، لە بەرامبەردا بەریتانیەکان پشتگیری داوا و داخوازییەکانی فەرنسیەکان بکەن لە سوریا.

لە ماوەی کۆنگرەی ئاشتی پاریس، هەلە تێگەیشتن سەری هەڵدا لەسەر ئەم ڕێکەوتنە. بەریتانیەکان جەختیان دەکرد، کە ئەوان مووسڵ یان پێ دراوە بەبێ مەرج، لە کاتێکدا فەرەنسیەکان دەیانگوت ئەوان، بە مەرجی هەبوونی پشک و هاوبەشی کردنیان لە نەوتەکەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وازیان له مووسڵ هێناوه، بەڵام دوتر ئەوکێشەیە چارەسەرکرا، له ڕێکەوتنامەی سانریمۆ کە لە هەمان ڕۆژی ڕێکەوتنامەی سیڤەر دا کرا،کە لە بەهاری ١٩٢٠ بەڕێوەچوو، کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەستنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی تورك بەگشتی وکۆتایی هێنان بە مشت ومرو کێشەی ئەم نەوتە بوو (Buell, 1923: 931). ڕازی نەبوون وپێداگری بەریتانیەکان، لە پاش سایکس بیکۆ، ئەگەرچی مافی دەرهێنانی نەوتی ولایەتەکەی لە ئینگلیزەکان زەوت نەکرد، لەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەندێ لە ماف وامتیازاتی نەوت زەمانکرابوو بۆ هاوبەشانی ئینگلیزی لە پاش ١٩١٤، وە ئەو هاوبەشە ئینگلیزانە نەیان دەویست ئەو امتیازاتانە بچێتە ژێر کۆنترۆلی فەرەنسا، لە ١٩١٦ بایەخ پێدەرانی بانک و نەوتی بەریتانی ڕەچاوی کارکردنیان دەکرد لە ژێر سایەی بەریتانیاو حەزیان نیە لە چوارچێوەی دەسەلاتی فەرنسی کاربکەن (Facts and Documents, 1920: 260)

## ب- ریکەوتنی نەوتی سانریمۆ ١٩٢٠

ئەو کێشانەی دەربارەی نەوتی ولایەتی مووسڵ، سەری هەڵدا، لە نیوان ئینگلیزو فەرەنسیەکان، لە ریکەوتن نامەی نەوتی سانریمۆ کە لە ٢٥مانگی چواری ١٩٢٠ بەڕێوەچوو، چارەسەرکرا. دوای ئەوەی فەرەنسا سوربوو لەسەر ئەوەی دەست بەرداری ولایەتەکە بوون لە بەرامبەر هاوبەشیکردنیان لە نەوتەکەی. بەریتانیا توانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و کۆنترۆلی نەوتی تەواوی کێڵگە نەوتیەکانی میسوپۆتامیا دەستەبەر بکاتەوە، لە ڕێگەی پێدانی پشکی ٢٥٪ کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە پشکی ئەلمانەکان بوو، لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، بە فەرەنسیەکان، لە بەرامبەردا حکومەتی فەرەنساشی ڕازیکرد، کە هیچ لەمپەرو بەربەستێک دروست نەکات لە بەردەم بنیادنانی دووهێلی جیای نەوت گواستنەوە( بەیەکەوە لەگەڵ هێلی ئاسنی پێویست بۆ بەردەوام بوون) بۆ گواستنەوەی نەوت لە میسوپۆتامیاو ناوچەکانی ئێران، بە ناو ناوچەکانی سەر بەدەسەلات وکۆنترۆڵی فەرەنسیەکان بۆ بەندەرەکان لە سەر دەریای ناوەراست (Earle, 1924: 273). ئاشکرایە نەوتی ئێران بە زۆری لە ناوچە کوردییەکان و ئی ناوچەکانی میسوپۆتامیا سەراپای لە ناوچەکانی باشوری کوردستان سەرچاوەی گرتبوو وبەرهەم دەهێنرا. بەبێ ئەوەی مافی دانیشتوانەکەی لەو سامانە نەتەوەییە لەبەر چاوبگیردرێت، وپشکیان هەبێت لە نەوتەکەی ووسود لەم سەرچاوە سروشتیە ببینن، دەستی بەسەردا گیرا لە لایەن شانشینی یەکگرتوو، بەڵگە نامەکانیش ڕاستی ئەم بۆچونە پشت ڕاست دەکەنەوە. ئەمەش بە ئاشکرا بەدیدەکرێت لە دەمەقاڵێکانی نێوان هاوپەیمانان خۆیان لەسەر نەوتی ولایەتەکەو، لەبەر چاونەگرتنی بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکە، وەك خاڵێک لە دژی یەکتر زەق کراوەتەوە.

هەروەکو ئەمریکیەکان لە دژی رەچاونەکردنی بەرژەوەندی وپەراویزخستنیان لە نەوتی ولایەتەکە، یەکێک لەو گلەیی وتێبینیانەی لەسەر رێکەوتنەکە هەیان بوو لە پاڵ لە بەر چاونەگرتنی بەرژەوەندی ئەمریکیەکان لە نەوتی ولایەتەکە، بە راشکاوی باسیان کردوە، کە بەریتانیەکان بەبێ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی کوردستانیانی ناوچەکە، نەوتەکەیان دابەشکردوە، هەروەکو لە خاڵی دووەمی ئەو تێبینی ونارازیبویانەی، بین بریدج کولبی ( Bain Bridge Colby)، سکرتێری دەولەتی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە لندن ناردویە، دەڵێ: شکاندنی ئەو بەڵێنانەی بەریتانیا دەردەکەوێ بەوەی کە هاتبوو سەرچاوە سروشتیەکانی میسوپۆتامیا، دەپارێزرێت بۆ خەڵکی میسوپۆتامیا (Earle, 1924: 274).

ئینگلیز بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخی دابوو بە نەوتی ولایەتی مووسڵ( باشوری کوردستان)، دەیویست دەستگیری بێت بە هەرنرخێک بێت، هەولەکانی بە شێوەیەك بوو، پاش لادانی فەیصەل لە پاشایەتی سوریا، بەریتانیا لە رێگەی پەیمانێکی نهێنیەوە لەگەلی دا، فەیسەلی کرد بە مەلێکی عیراق، بە رێکەوتن لەگەڵ فەرەنسا، لەگەڵ دوورخستنەوەی ئەمریکا لە گفتوگۆکانیان. لە پاش بوونی بە مەلیک، پابەندبوو بە قەرزەکەی بەریتانیاو ئەو کۆمپانیایەی کە جێگەی کۆمپانیای نەوتی تورکی گرتبۆیەوە، بۆی هەیە ئەو مافانەی هەبێت کە پێشتر دەولەتی عوسمانی بریاری لەسەر دابوو لە نەوتی ولایەتی مووسڵ لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی (لۆنی، ٢٠٠٨: ٨٦ ).

## ج- نەوت و خواستەکانی بەریتانیا لە پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠

لە چوارچێوەی کۆنگرەکەی پاریس، بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا زیاتر لە پازدە مانگ خەریکی گفتو گۆو مشت ومربوون لەسەر بەدیهێنانی، خواست وبەرژەوەندییەکانیان لە خاکی دەولەتی عوسمانی، بە کوردستانیشەوە دابەشیانکرد بە گوێرەی داخوازییەکانیان، کە لە رێکەوتنی نهێنی سایکس پیکۆ بریاریان لێدابوو ( Pirdawood, 2013: 33)، نەك بە گویرەی چوارده بەندەکەی سەرۆکی ئەمریکا، کە بانگەشەی بۆ دەکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جەنگەکەو بە دیهێنانی مافی گەلان، ئەمەش بە ئاشکرا لە دانیشتن وکۆبونەوەکان بەدی دەکرێ.

وێرای ئەوەی هیچ سەرچاوەیەك بۆ چوارده خالەکەی نەبوو لە کۆنگرەکە پشتی پێ ببەستن لە گفتوگۆکانی ئاگربر. لەبەر ئەوە هاوپەیمانان ئازاد بوون لە هەرناچارییەك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ودەستیان کراوەو والابوو بۆ فشارکردن. هەرچونێک بێت ئەوان بیانەوێت بڕیاری لە بارەی ئاشتیەوە لێ دەدەن لەسەر دەولەتی عوسمانی (Schmitt, 1960: 101). هەروەها چواردەبەندەکە، هەرگیز بە شێوەیەکی رەسمی نەدرا بە هاوپەیمانان لە لایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وە تەنانەت نوێنەرانی ئەمریکا خۆشیان تێبینی رەسمیان لەسەر خالەکانی هەبوو( Schmitt, 1960: 102). هاوپەیمانەکان لەسەرووی هەموانەوە، بەریتانیا رۆلێکی سەرەکی هەبوو لە دەرکردنی بریارەکان ودابەشکردنی ناوچەکانی کوردستان، بە ئارەزووی داخوازیەکانی هەلویستی دەنواند،

لێرەدا رۆلی نەوت، دادەنرێت بە دیارترین وکاریگەرترین هۆکار لەسەر سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستان ودانیشتوانەکەی. ئەوناوچانەی نەوتیان تێدا دۆزرابۆیەوە یان پێشینی هەبوونی ئەو سامانە سروشتیەی لێدەکرا، بەریتانیا سەرنجی کردبووە سەریان و بیانخاتە چوارچیوەی ناوچەی ژێر کۆنترۆلی خۆی، وەك ولایەتی مووسڵ، کە بەشەی کوردستانیەکەی میسوپۆتامیا بوو. ئەو ناوچانەش کە تا ئەو کاتە نەوتدار نەبوون، ئینگلیز جارێکی دیکە لە هەولی ئەوەدابوو لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت، لە یارمەتی سەقامگیری وفەراهەم هێنانی ناوچە نەوتیەکانی ژێر چەپۆکی، بیانکاتە قوربانی.

بە جۆرێک بەریتانیا ئامادەبوو گۆرانکاری لە سنوری باکوری میسوپۆتامیا بکات لەم پەیمانە، پێشتر بەشی سەروی میسوپۆتامیاکە ولایەتی مووسڵ ی دەگرتەوە، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتوە بەشی باکوری تاوەکو جەزیرە درێژدەبۆیەوە( Traveller, 1921: 446) ،بەلام لە پەیمانەکەدا لە بەندی ٢٧ بەشی II یتایبەت بە سنوری تورکیا لە ئاسیا لەگەڵ میسوپۆتامیای ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، لە خالی سێیەم دا هاتووە، سنوری تورکیا، لە سنوری باکوری ولایەتی مووسڵ، هێلەکە دەستنیشان دەکرێت، سنوری باکوری ولایەتی مووسڵ گۆراوە بۆ ئەوەی بە باشوری ئامێدی تێپەرێت ( Treaty of Peace, 1921: 15).

لایەنێکی دیکەی خراپی لە سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە باشوری کوردستان( ولایەتی مووسڵ)، لە سیڤەردا، ئاماژە بە ولایەتی مووسڵ، نەکراوە وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی میسوپۆتامیاو لە رووی نەتەوەیشەوە لە بەرچاو نەگیراوە کە ئەم ولایەتە، نەتەوەیەکی جیای سەربەخۆی تیا نیشتەجێ یەو زمان یان جیایە، کە ئەویش نەتەوەی کوردە، ئەمەش لە بەلگەنامەکانی بەریتانیەکان خۆیان باس کراوە بەلام لە سیڤەردا، هیچ ئاماژە بەخاسیەتی نەتەوەیی وکلتوری وزمان ی کوردان ،جیاواز لە بەشەکانی خوارووی میسوپۆتامیا کە عەرەب نیشینە، نەکراوە، ئەمەش پێچەوانەی ئامانجی جەنگی یانە کە بانگەشیان بۆ دەکرد. هەروەکو لە گۆڤاری بەریتانی(British Periodical) لە ١٩٢١، بابەتێکی لە ژێر ناوی میسوپۆتامیا

،بلاوكراوەتەوە، بە پشت بەستن بە زانیاری بەرپرس وئەفسەرانی بەریتانی، ئەوكاتە لە میسوپۆتامیا بوون، دەڵێ بەشی سەروی میسوپۆتامیا كە ولایەتی مووسڵ ە، هەر لە خانەقینەوە تا نسیبین كوردنیشینە. بە پێچەوانەوە، ولایەتی بەغداو بسرە عەرەب نشینە، تەنانەت لە روی پێك هاتەی خاكیشەوە جیایان دەكاتەوە كە ناوچەكانی خوارووی میسوپۆتامیا ی عەرەب نشین دەشتاییە، بە پێچەوانەوە ناوچەی كوردنیشین، بەرزایی وشاخاوییە ( Traveller, 1921: 443,444).

تەنانەت پێچەوانەی بەندەكانی پەیمانەكەش، بەریتانیەكان رەفتاریانكرد، بۆ نمونە لە بەندی ٢٢ سیڤەر، لە پەریگرافی چوارەم دا، دەڵێ هەندێك لەو كۆمەڵگایانەی پێشتر لە سایەی ئیمپراتۆریەتی تورك گەیشتونەتە قۆناغی پێشكەوتو، كە دەركەوتون وەك نەتەوەی سەربەخۆ دەتوانرێ بەرەسمی دانیان پێ دابنرێت، كەوتونەتە بەر پێشكەشكردنی رینمایی كارگێری و یارمەتی لە لایەن ولاتی سەرپەرشتیار (Mandatory)، تاوەكو ئەوكاتەی ئەوان دەتوانن بووەستن بەتەنیا (Treaty of Peace, 1920: 12)، بەلام لە جێبەجێكردن دا، هەردوونە تەوەی عەرەب و كورد بە جیا كاریان لەسەر نەكرا لە سنوری ناوچەی خۆیان، بەیەكەو بەسترانەوەو هیچ ئاماژەیەك بە كورد نەكراو سەرۆكێكی عەرەبی بۆ دانرا. زیاتر لە بەندی ٩٤ رێكەوتنەكە هاتووە، میسوپۆتامیا دانپێنراوە، بەكاتی وەك دەولەتی سەربەخۆ، رینمایی وهاوكاری دەكرێ لە لایەن ولاتی سەرپەرشتیار، لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە ٣ ئەندامی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا، وە ئەندامیك لە لایەن توركیا، یارمەتی دەدرێت لە لایەن نوێنەری میسوپۆتامیا بۆ دیاریكردنی سنوری نیوان میسوپۆتامیاو توركیا (Treaty of Peace, 1920: 26 )، داگیركردنی میسوپۆتامیا لە لایەن بەریتانیا چەسپێنراو بە ناسینەوەی دەولەتی كاتی سەربەخۆ لە میسوپۆتامیا، كە ولایەتی مووسڵ یشی دەگرتەخۆ لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیای مەزن (Buell, 1923: 931).

پێگەی بەریتانیەكان لە دانانی سێ بەندەكەی تایبەت بە  بە ئۆتۆنۆمی كوردان دواتر سەربەخۆییان، بە ئاشكرا دیار بوو. ( سەیفەدین، ٢٠١٠: ٧٠)، لە پەیمانی سیڤەردا كە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ مۆركرا. ئەگەرچی ئینگلیز، بریاری قەوارەیەكی تایبەت بە كوردستان دا، كە زۆرجار مێژوو نووسان باسی دەكەن، بە گویرەی بەندەكانی ٦٢ و٦٣ و٦٤ی پەیمانەكە، لە ژێرناونیشان و ناوبردنی كوردستان بە شێوەیەكی رەسمی ( Pirdawood, 2013: 34)، سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بكە (Martin,1924: 788). لە موختاریەكی كارگێری باسكرا، سنورەكەی لە رۆژهەلاتی فورات و باشوری ئەرمەنستانی وێناكراو، لە بەینی سنوری توركیاو سوریە وعێراق دابوو، بەلام پەیوەستی هەندێ مەرج و قیود بوو. دەبوایە لە كوردانی ئەم ناوچە بچوكە پرسیاربكرایە، ئایا ئەیانەوێ لە تورك جیاببنەوە یان نا؟ و ئەوە پێشكەشی كۆمەلەی گەلان بكرێ وئەویش لێكی بداتەوە، ئایا ئەم كوردانە شیاوی سەربەخۆین یان نا. لە دوای رازیبوونی كۆمەلەی گەلان، داوا لە توركیا دەكاو،

ئەم حکومەتەش دەبێ رازی بێ. کوردانی ولایەتی مووسڵ یش ئەگەر بیانەوێ دەتوانن بچنە پاڵ ئەم ئیدارەیە (زەکی، ٢٠٠٠: ١٨٢).

ئەوەی جێگە پرسیارە بەریتانیا بۆ ئەو قەوارە کوردییەی لە ناوچەیەکی دیاریکراو بریار لێدا، نەك لە تەواوی خاکی کوردستان یان لە بەشێکی فراوانی؟ ئەگەر لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت. ئەو قەوارە کوردییە لە سیاسەتی بەریتانی بەواتای دروستکردنی ناوچەیەکی دابراو لە نێوان تورکی ئەنادۆل و ئەو نەتەوانەی بە زمانی تورکی قسە دەکەن لە ئاسیای ناوەند و قەوقاز دەهات. هەروەها دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لە لایەك بەواتای کەمکردنەوەی مەترسی دروستکردنی یەکێتیەکی عەرەبی دەهات، لە لایەکی دیکەشەوە بە مانای بنیادنانی ناوچەیەکی دابراو لە نێوان تورکیاو کۆماری ئازربایجانی خاوەن سەربەخۆیی لە یەکێتی سۆڤیەت دەهات. هەروەها بەواتای دروستکردنی ناوچەیەکی دابراو لە نێوان تورکیاو ئازەرییەکانی ئێران دەهات. کورد زۆربەی هەرە زۆری سونە مەزهەب بوون، دەولەتی کوردی سونی لە دەولەتی شیعی ئازەریی جیا دەبێتەوە (سەیفەدین، ٢٠١٠: ٧٠ )، بەمەش دەسەلاتی ئینگلیزی، لە ژێر بەندەکانی پەیمانی سیڤەردا، دەچەسپینرا لە بەدیهێنانی جیاوکەکان وبەرژەوەندییەکانیان لەو ناوچانەی لە دەولەتی عوسمانی دابرینراون (Earl, 1924, 212). گرینگیەکی دیکەی بۆ بەریتانیەکان ئەوەیە، ئەم ناوچەی کوردستان بە پێ ی رێکەوتن نامەی سایکس بیکۆ بەر روسیا کەوت، دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر، بووە ناوچەیەك کە رێکەوتنی لەسەر نەکرابوو لە نێوان بەریتانیاو فەرەنسا(سەیفەدین، ٢٠١٠: ٧٠)، هەرچەندە رۆژنامەی ماچستر گاردیان لە بابەتێکی دا لە ژێر ناوی( دە ساڵ وەك کۆماری سۆڤیەت لە ١٩٣٠، بلاوکراوەتەوە دەلێ، پاش شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیاو کشانەوەی لە بەری جەنگ، بەریتانیاو فەرەنسا ناوچەکانی روسیایان دابەشکرد لە نێوان خۆیاندا، کە لە رێکەوتنی سایکس پیکۆ بەری کەوتنبوو، کوردستان خرایە چوارچێوەی بەریتانیا لە پاڵ ئەرمینیاو جۆرجیا (10 years as Soviet Republic, 1930)، بەلام ووردەکاری ئەم رێکەوتنە نازانرێت وئاشکرا نیە.

بە تایبەت بەریتانیا نەیتوانی لە بەرچاوی رکابەرەکانی وەك پاروویەکی چەور قوتی بدا، ویستی شوێن پێگەیەك بدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەلاتی خۆی بەسەر عێراق وباشوری کوردستان بسەپێنێ، ئەمە وای کرد تەواوی بانگەشەکانی تورك لە بارەی خاوەنداریەتی عوسمانیەکان بۆ ئەو ویلایەتە دەولەمەندە بە سەرچاوەی نەوت رەت بکاتەوە، چونکە دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستانی تورکیا دا، ئەرکی تورکەکان سەخت دەکات داوای خاوەنداریەتی ولایەتی مووسڵ بکەن (سەیفەدین، ٢٠١٠: ٧٠ ).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دروستبوونی ئەم قەوارەیە کوردیە سنوردارەش کە بریاری لێدرابوو هەموو ناوچە کوردییەکانی نەدەگرتە خۆ و لەگەڵ حەزی کوردەکان یەکی نەدەگرتەوە، ئەوەندەی کوردستانی دابرو پارچە پارچەکرد ئەوەندە بەتەنگ دامەزراندنی کوردستانی سەر بەخۆ نەبوو، هەروەها لە گەڵ چواردە بەندەکەی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەدەگونجا، کە لە خالی ١٢، دەربارەی نەتەوە غەیرە تورکەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، پێویستە دلنیا بکرێن لە سەلامەتی ژیانیان و چانسیان هەبێ بۆ خۆبەرێوەبەری لە ناوچەکانی خۆیاندا، بەلام کۆنگرەکە هەمو کات رازی وکۆك نەبوو لە کۆشش وکارکردن بۆ وردەکاری مافی چارەی خۆنوسین. هەندێ کات کۆنگرە، بنەمای مافی مێژوویی جێ بەجێ دەکرد، هەندێ کاتی دیکە ئەم رێبازەی رەت دەکردەوە. هەندێ کات کۆنگرە سنورەکانی بە گوێرەی پێویستی ئابوری دیار دەکرد، هەندێ کاتیش گونجان وپەیوەست بوونی ئابوری رەت دەکردەوە ( Schmitt, 1960, 105 ). بۆ نموونە کوردستان لە رووی راستی مێژووییەوە حاشا هەلنەگرە یەك پارچەیە، بەلام لەم رێکەوتنە لە پاڵ ئاماژەدان بە دروست بوونی ئیدارەیەکی تایبەت بە کوردستان لە بەشێکی سنورداری، بەشەکانی دیکەی لە خۆ نەدەگرت، وەك بەشەکانی باشوری کوردستان و رۆژهەلاتی کوردستان. ئینگلیز دژی خواستی دانیشتوانی باشوری کوردستان وەستایەوە کە دانیشتوانەکەی دوو بۆچونیان هەبوو، یان مووسڵ بخرێتە سەر ئەودەولەتە کوردیەی کە لە باکوری کوردستان بە پێ ی پەیمانی سیڤەر بریاری لێ درابوو، یاخود ولایەتەکە لە ژێر فەرمانرەوایی شیخ مەحمود دەولەتێکی سەربەخۆی لێ دروست بکرێ ( رحمانی، ٢٠٠٩: ١٦٢).

سەرەرایی ئەوەی سنورەکانی ئەم قەوارەیە کوردییەی لەگەڵ ئەرمینیا یەك لایی نەکرابۆیەوە لە پەیمانەکە و بە جێ هێلدرابوو بۆ سەرۆکی ئەمریکا بریاری دیاریکردنی سنورەکە بدات، ئەمەش بە مانایی یەك لایی نەکردنەوەو دیاریکردنی لە داهاتوو، بێ گومان رووبەرووی ئاستەنگی دەکردەوە. دەرخەری ئەو راستیەیە ئەو ناوچانەی نەوتی تێدا نەدۆزرابۆیەوە، بەریتانیا بەلایەوە ئاساییە دابرێنرێت بۆ چوارچێوەی ولاتێکی دیکە. هەروەکو بە گوێرەی بەندی ٨٩ پەیمانی سڤەر تایبەت بە ئەرمینیاو، دیاریکردنی سنوری نێوان تورکیاو ئەرمینیا، دەڵێ، ئەرمینیاو تورکیا هەروەها لایەنە بالاکانی دیکەی پەیوەست، کێشەی سنوری کە دیاردەکرێت لە نێوان تورکیاو ئەرمینیا لە ولایەتەکانی ئەرزەرۆم وتەرابزون و وان وبتلیس، بدەن بە سەرۆکی ئەمریکا بۆ بریاردان لە سەری، وە بریارەکەشی پەسند دەکرێت(Treaty of Peace, 1920: 25)، ئەوە لە کاتێکدابوو ئەرمینیا دەبووە هاوسنوری قەوارە کوردییەکە، بەلام هیچ ئاماژەی پێناکرێت لە کاتێکدا ئەو ناوچانەی باسکران لە چوارچێوەی کوردستاندان بەلام ناوی تورکیا دەهێنرێت!. هەروەها بە گوێرەی بەندی ٢٧ بەشی II ی پەیمانی سیڤەر تایبەت بە سنوری تورکیا لە ئاسیا، خالی ٢ ی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تایبەت بەسنوری لەگەڵ سوریا، شارۆچکە کوردییەکانی، عینتاب (Aintab)، بیرەجیک (Biridjik)، ئورفە (Urfa) ماردین ی دابریوەو خستویەتیە ناو سنوری سوریا (Treaty of Peace، 1920: 15).

ئەمەش پێچەوانەیە لە گەڵ ئامانجەکانی شەری هاوپەیمانان کە بانگەشەیان بۆ دەرکرد لە کاتی شەرەکەدا، چواردە بەندەکەی ویلسن کە لە کانوونی دووەمی ١٩١٨ رای گەیاند، وە راگەیاندنی بەریتانیاو فەرەنسا دەربارەی ئامانجەکانی شەرکردنیان لە بەرەی رۆژهەلات کە لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ بلاوکرایەوە، دەڵێ، ئەو شەرەی لە بەرەکانی رۆژهەلات، هەردوو دەولەتی بەریتانی وفەرەنسی بەرپایانکردوە، ئامانجی رزگارکردنی هەممو ئەو گەلانەیە کە لەژێر سەرکوتکردنی تورکەکان دەیننالاندو دروستکردنی حکومەتی نیشتمانی وکارگێری نیشتمانی خۆیانە کە دەسەلاتەکەی لە خواست وئیرادەی دانیشتوانەکەی سەرچاوەی گرتووە(Polson Newman، 1929: 705 ).

## د- کوردستان وریکەوتنی نهێنی سێ قۆلی ١٩٢٠

جگە لە ریکەوتنی ئاشکرا، هەلبەتە بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا، بە نهێنیش لە گفتو گۆ رێکەوتن بوون لە پێناوی بە دیهێنانی ئامانجەکانیان و پالپشتی کردنی یەکتر لەو پێناوەدا. نهێنی بوونی رێکەوتنە لە لایەك و لە نێوان خۆیان نەك لە گەڵ لایەنی بەرامبەر گەواهی دەدات، هەر سێ زلهێزەکە بە شوێن بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بوون. کوردستانیش کە جێگەی بایەخی هاوپەیمانەکان بوو، بەدەرنەبوو لە نێوەرۆکەکەی. بەپێ ی رێکەوتن، کە لە هەمان رۆژی رێکەوتنی سیڤەردا واژووکرا، بەریتانیەکان رۆلیان دیارە لە گرینگی دان بە کوردستان، لە پێناوی فەراهەمکردنی بەرژەوەندی نەوتەکەی، هەروەك باسمانکرد، بۆیە بەنهێنیش هەوڵی دەدا، زامنی ئەم لایەنە بکات. یەك لەو بوارانەی جەختی لێدەکردەوە ئۆتۆنومی یان لە ئەنجام دا سەربەخۆیی کوردستان کە لەسیڤەردا دیارکراوە، بە نهێنیش دانی پێنراوە لە لایەن هەر سێ زلهێزەکەوە، بە باوەری ئاسانکاری گەشەپێدانی ئەم ولاتەو دابینکردنی هەر هاوکارییەك لەوانەیە پێویستی پێبێت، لە ئیدارەی خۆی، بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ ی نێو دەولەتی لەم قەزیانە (Tripartit Agreement, 1921: 153). هەروەها رێکەوتنەکەدان بەرژەوەندییە تایبەت ودیاریکراوەکانی فەرەنسا لە بەشی رۆژئاوای کوردستان، لە سەر سنوری سوریا تا جەزیرەی ئیبن عمر،دادەنێ، کە لە سیڤەر دا پێ ی دراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەوڵەکانی ئینگلیز لە گرینگی دان بە کوردستان، لەم گفتوگۆ نهینیەش بە ئاشکرا دیارە، بە تایبەتی لە بەندی یەکەمی ڕێکەوتنەکە، ناوی حکومەتی کوردستان دەهێنرێت وجۆرێک دلنیایی دانە بەو دەولەتەی کوردستان لە سیڤەر داهاتووەو، کۆکە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا. ئینگلیزەکان لە هەولی ئەودابوون ئەو دەولەتەی نەخشەیان بۆ کێشاوە، پشتگیری وهەماهەنگی فەرەنساو ئیتالیاش مسۆگەر بکەن لەو لایەنەوە بە تایبەت سەرکەوتنەکەی، یارمەتی مسۆگەرکردنی بەژەوەندیەکانی ئینگلیز دەدا. هەر لەبەر ئەوەشە بەریتانیا، لێرەشدا کاریگەری نواندوە، تەنانەت تەرکیز لەسەر هاوکاریکردنی حکومەتی کوردستان کراوەتەوە، لە کاتێکدا لەسیڤەر، ئاماژە بە حکومەتی کوردستان نەکراوە، لە بەندەکەدا هاتووە، ئەگەر شتێک رووی داو حکومەتی کوردستان داخوازی بە دەستهێنانی یارمەتی دەرەکی بوو لە پۆلیس وکارگێری ناوچەیی، لەو ناوچانەی کە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی فەرەنساو ئیتالیا دانپێنراوە، هێزەکانی ڕێکەوتوو بەلێن دەدەن نارازی نەبن، لە داواکاری باشتری ئەو هێزەی کە بەرژەوندییە تایبەتیەکانی لەو ناوچانەی دانپێنراوە بۆ پێدانی وەك هاوکاری، ئەم یارمەتیە دەبێ بە شێوەیەکی تایبەتی ئاراستە بکرێت بۆ چاکردنی ئەو پاریزگاریکردنە ڕێگە پێدراوە بۆ کەمینەی رەگەزی وئاینی وزمانی لە ناوچەی ئاماژەپێکراو باسکران (Agreement, 1921: 154).

## تەوەری چوارەم: ولایەتی مووسڵ و دانوسانەکانی بەریتانی- تورکی لە کۆنگرەی لۆزان ١٩٢٣

لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتی لە رۆژهەلاتی نزیک، وە کۆتایی هێنان بە ناکۆکی حکومەتی نوێ ی تورکی لە لایەك و، ولاتانی هاوپەیمان لە لایەکی دیکەوە، کۆنفرانسی لۆزان دەستی پێکردو پەیمانی تازە شوێنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەری گرتەوە، لابران لەبەرژەوەندی تورکەکان (Pirdawood, 2013: 37 ). لە راستی دا پەیمانی سیڤەر بە شێوەیەکی یاسایی بریاری مافی چارەی خۆنوسینی بۆ کوردەکان دابینکرد، بەلام هەرگیز ئەم پەیمانە لە لایەن تورکەکان بەسەرۆکایەتی ئەتاتورك دانی پێ نەنرا ( Israel, 1966: 282)، ودژایەتی کرا و، ئۆتۆنومی کوردان لابراو باس بوو بە ولایەتی مووسڵ، سەر بە عیراق بێت یا سەر بەتورکیا.

سەرکەوتنەکانی تورك لە چەند مانگی رابردوو، بێ گومان گۆرانی زیاتری دەرخست لە باکوری رۆژهەلاتی تورکیا، کە سنوری ئەرمینیای لێ دیارکرابوو، وە شوێنی ئەو دەولەتە کوردییەی باسکرابوو لە پەیمانی پێشوو، سەرەرایی کێشەی مووسڵ وکێلگە نەوتیەکانی، ناوچەی سەرپەرشتی بەریتانیەکان بوو، ناوچەی نەوتەکە بازنەی پێداکێشرابوو، وە ئەم ناوچەیە

له پەیمانی سیڤەر وەدیهاتوو، خرابۆیە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، بە ڕێکەوتن لەگەڵ فەرنسیەکان، مافی ناردنی نەوتیان بۆ دەریای ناوەراست پێدرا، بەڵام پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی تورکەکان ئەم پەیمانەی خستە لاوەو، دووبارە کێشەی نەوتی هێنایەوە بەر باس، کە ئامانجی یەکەم وسەرەکی ئینگلیزی بوو. بەرەوپێشچوون وسەرکەوتنەکانی تورك له باکوری سوریا لە ١٩٢١، ناچاری فەرەنسای کرد لە سنوردارکردنی ناوچەی کۆنترۆڵی لەسەر کەنداوی ئەسکەندەرییە. ئەم کێشەیەش چارەسەر نەکرا بەبێ گۆرانی نەخشەی سیاسی (Geographical Elements، 1923: 129). کاریگەری خستە سەر بەریتانیەکان هەلویستیان بە رامبەر بە کوردستان گۆرانی بەسەرداهات، لە پێناوی لەدەست نەدانی نەوتی ولایەتی مووسڵ وکێڵگە نەوتیەکانی بەشی رۆژهەلاتی کوردستان.

هاوپەیمانەکان بەتایبەتی شانشینی یەکگرتووی ناچاری گفتو گۆکردن کرد، مەسەلەی ناردنی نەوتەکەی بۆسەر بەندەری ئەسکەندەرۆنە لەمپەری دەهاتە پێش بە هۆی تورکەکانەوە (Geographical Elements,1923: 129)، هەروەها ئەو ناسەقامگیرییەی باشوری کوردستانی گرتەوە لە پاش ڕێکەوتنی سیڤەر، دەبووە هەرەشە لە سەر دەرهێنانی نەوتی ناوچەکە. دۆخی سیلمانی تێکچوو، لە ئاکرێ وئامێدی ئاژاوە دەستی پێ کردبوو، لە ناوچەکانی هەورامان وبانە هەرا هەلسابوو. ئۆزدەمیر، کە بە خۆی ولەشکرێکی تورکەوە، لە رەواندزو ناوچەکانی دەوروبەری لە چالاکی دابوو دژی ئینگلیز، پروپاگەندەی بۆ تورك دەکرد وخەریک بوو بە هەلگەرانەوەی کوردەکان وبیانکاتە لایەنگری تورك. ئەو نائارامیە سەریان لە بەریتانیەکان تێکدابوو، بە تایبەتی هەستێکی کوردایەتی لە هەموولایەکی کوردستانەوە پەیدابوو( سەجادی، ٢٠٠٥: ٩٣).

باکوری کوردستان لە دەرەوەی کۆنترۆل ی ئیدارەی بەریتانیا بوو، بەلام لە رووی سیاسیەوە، جێگە بایەخ بوو، وە زیاتر لەوە کوردستان و ئاسیای بچوك لە دەستی نەتەوە خوازی تورك و بەلشەفیەکان بوو، هەولیان دەدا سود لەو نارەزایەتی و بارودۆخە سود ببینن لە بەرژەوەندی خۆیان (Traveller, 1921: 452). تورکەکان لە سیڤەردا سنورەکانیان بەرتەسک کرابۆیەوە، دژایەتیان کرد، داوایان دەکرد بەریتانیا هەوڵ نەدات، دابەشکردنی کوردستان بەردەوامی پێبدات، وەك بە گوێرەی ڕێکەوتنەکانی پێشوو هەولی بۆ دابوو لە چوار سالی رابردوو. وابیریان دەکردەوە، بەرداومی دان بەم دابەشکردنە، ئەوا بێ گومان دەبێتە مایەی دروستبوونی کێشە بۆیان لە باکوری کوردستان. وە تورکەکانیش لە بەرامبەردا بێ وەلام نابن و دەبنە مایەی ناسەقامگیری لە باشوری کوردستان لە دژی بەریتانیەکان، وە ئەم ناسەقامگیرییە بەردەوام دەبێت لە سنوری هەرێمەکانی بەغداو مووسڵ، ئەمەش بە دەوری خۆی وادەکات، نائاسایشی دروست بێت بۆ شوێنگەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەریتانیەکان لە ئێران، ئەم هەرەشانەش، بێ پێچ وپەنا بە بەریتانیەکان راگەینرا (Toynbee، 1923: 686)، بە ئاشکرا هەرەشە بوو لەسەر بەرژەوندیەکان وئامانجەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەو، کۆششەکانی دەستگرتن بەسەر ناوچە نەوتیەکانی خستبووە مەترسیەوە، بە تایبەتی ناوچە نەوتیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و کێلگەوناوچە نەوتیەکانی لە باشوری کوردستان. ئەم هەرەشانەش کەم نەبوون، لەسەر ئامانجی یەکەمی ئینگلیزەکان وهێنایانیەوە سەر مێزی گفتو گۆ.

کێشەی مووسڵ یەك لە کێشە سەرەکیەکان بوو لە کۆنگرەکە، لایەنی بەریتانی و تورکەکان مشتومریان لەسەر دەرکرد. هێزی دەریایی ئینگلیزیش، دژی هەر گۆرانێک بوو لە سنوری عیراق، کە دەبووە هەرەشە لە سەر کێلگە نەوتیەکان و بۆری نەوت گواستنەوە (Gibson، 2012: 227). مووسڵ و نهێنی نەوتەکەی هۆکارێک بوو بۆ هەردوولایەن، کە داوای بکەن. تورکەکان دەیانگوت مووسڵ پێویستە ئی تورك بێت، لە کاتێکدا بەریتانیا دەیویست بەشێک بێت لە عێراق. ئەگەر مووسڵ عێراقی بێت، کۆمپانیای نەوتی تورکی دەتوانێت متمانەداربێت لە بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی کە پێدرابوو (Gibson, 2012: 226).

ئەمریکیەکان نارازیبوون پێشتر،لە دابەشکردنی پشکی نەوتی مووسڵ وبێ بەشکرابوون، لە لۆزان هەولیان دەدا بۆ بە دەستهێنانی پشکی نەوتی ولایەتەکە، نوێنەری ئەمریکا داوای لە تورکەکان کرد بۆ هەبوونی مافی دەرهێنانی نەوتەکەی، ئەوان تورکەکانیان بەخاوەنی مووسڵ دەزانی نەك ئینگلیز یان حکومەتی عێراق.

تورکەکان بە ئاشکرا پلانیان دانابوو، بۆ بەدەستهێنانەوەی خاوەنداریەتی بیرە نەوتیەکانی ولایەتی مووسڵ بە هۆی هێزی سەربازی، وە سەربازانی خۆیان کۆکردبۆیەوە لە دەوروبەری ئەم ناوچەیە (The Lausanne Conference, 1923:534). جەختیان دەکردەوە، هەمو ماف وتەنازولاتێک کە سولتان بەخشی بووی لە لایەن حکومەتی ئەنقرە رەتکراوەتەوە وریکەوتنی سیڤەر وهەموو ریکەوتنەکانی دیکە بەسەرچووە، وبیرە نەوتەکان دەگەرێتەوە بۆ تورك بە ماف بە کاریگەری ئەوە، لە لۆنگرە لۆرد کیرزون (Lord Gurzon ) نوێنەری بەریتانیا بەرەسمی رایگەیاند، کە ئینگلیز ئامادەیە ریکەوتنی سانریمۆ لە پێناوی دابشکردنی کێلگە نەوتییەکانی مووسڵ، رەت دەکاتەوەو نایاسایيە ( The Lausanne Conference, 1923:535).

بەلای بەریتانیەکانەوە لە دەستدانی ولایەتی مووسڵ، هەندێک لە خاکی زۆر بەپیت وکێلگە نەوتیەکانی عێراق لە دەست دەدەن، کە سامان وسەرچاوەی داهاتویان پشتی پێ دەبەستێ (Gibson, 2012: 227 ) بۆیە هەرگیز دەست بەرداری نەدەبوون. ئەنجومەنی وەزیران ی بەریتانیا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕینمایی کیرزونی کرد کە ئەو پێویست نیە گفتوگۆی هیچ پرۆپۆزەلێکی تورك بکان بۆ لە خۆگرتنی مووسڵ لە تورکیا لەبەر ئەوەی مووسڵ پێشتر دراوەتە عیراق.

لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی دیڤن شایر (Devonshire)، پێکهێنرا بە مەبەستی هەلسەنگاندنی شوێنگەی بەریتانیەکان لە عێراق، تێبینیەك ئامادەکرابوو لە لایەن نوسینگەی داگیرکاری بەریتانی، دەستی پێدەکرد بەوەی کۆنترۆلکردنی نەوتەکەی یەکێك بوو لەو پێنج دەسکەوت وسودی مانەوە. لە کۆبوونەوەی یەکەمی لیژنەکە لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، ئەمری ( Amery) لۆردی یەکەم، گووتی دەسەلاتی دەریایی کۆنترۆلکردنی کرداری ،پەنهانی و ڕاستی کێلگە نەوتیەکان و هێلەکانی گواستنەوەی نەوت بە گرینگ دەزانێت ( Gibson, 2012: 229). کۆمیتەکە ڕوونی کردەوە کە هێزی دەریایی ویستویە کاریگەری ئینگلیز لە سەر عیراق بپاریزریت لە پێناوی کێلگە نەوتیەکانی، سەلمینراویشە کۆنترۆلی ئەوان، بە ئەهمیەتەوە دەبێتە گەشە پێدەری دۆخی هەژاری نەوتی ولاتەکەیان. بە درێژایی کێلگە نەوتیەکانی فارسی، شوێنگەیان چاکە بۆ زیادکردنی کردە سەربازیەکانیان لە ڕۆژ هەلاتی دوور، وە کشانەوە لە عێراق کێلگەکانی ئێرانیش بە ناوچە کوردیەکانیشەوە دەخستە بەر دەم مەترسی کە زیاتر لە نیوەی پێویستی هێزە دەریاییەکانی بەریتانی (Royal Navy) دابین دەکرد(Gibson, 2012: 229).

لەو کاتەوە کۆمیتەکە دامەزرێنرا، کیرزۆن لە کۆنگرەکە سوربوو لەسەر ئەوەی،مووسڵ دەبێ بەشێك بێت لە عێراق (Gibson، 2012: 230 )، بە حکومەتی ولاتەکەشی گوت، تورك بە هەموو خالەکانی دیکە ڕازی دەبێت و پەیمانەکە واژوو دەکات و کۆتایی بە پەیوەندیان لەگەل سۆڤیەت دەهێنێت، ئەگەر ئینگلیز مووسڵ یان پێ بدات. بەلام نوسینگەی داگیرکاری ڕەتی کردەوە(Gibson, 2012: 231).

لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ کۆنفرانس هاتە سەر کێشەی مووسڵ، کیرزۆن لە گەڵ عیصمت پاشا، سەرۆکی نوێنەرانی تورك، لە پەیوەندی دابوو لەسەر کێشەکە بۆ ماوەی دوو مانگ. لایەنی بەریتانی هەولی لکاندنی ولایەتەکەی بە عیراق دەدا، لە کاتێکدا تورکەکان دەیانویست سەر بە تورك بێت.

هەریەکەیان لە داواکاری ولایەتەکە، پشتیان بەستبو بە پەیوەندی مێژوویی وجوگرافی ورەگەزی وسیاسی وئابوری. بۆ نموونە، لە ڕووی ئابورییەوە نوینەری تورك دەمەقالێی بوو، کە ئەناتۆلیاو مووسڵ لە ڕووی ئابوری یەوە پشت بەیەکتر دەبەستن، بەلام نوێنەری ئینگلیز دەیگوت پەیوەندی ئابوری لەگەڵ بەغدا وبەسرەیە (Pirdawood, 2013: 39)

هۆکاری گرینگ و پالنەر لە پشت داواکارییەکانی ڕژیمی تازەی دەسەلات دار لە تورکیا، بۆ گەرانەوەی مووسڵ بۆ دۆخی پێشتری نە ئابوری بوو، وە نەستراتیژی بوو، بەلکو سیاسی بوو. نیگەران ودلەراوکیان بوو لەگەڵ کوردەکان، ئەویش بە هۆی ئەوەی پەیمانی سیڤەر نیوەی

باکوری کوردستانی لە ناوسنورەکانی تورکیا دیارکرد، وە بەندەکانی تایبەت بە ئۆتونۆمی لە ئەنجام سەربەخۆیی بۆ ئەم بەشەی کوردستان دانرا، تورکەکان پێیان قبول نەدەکراو نیگەرانی کردبوون (Toynbee, 1923: 686 ). بنەمای داواکەشیان، بە زۆری لەسەر دانیشتوانی کوردی مووسڵ بوو، باسیان لەوە دەکرد، لە ناو سنورەکانی تورکیا هەزاران کورد هەیە وە تورك وکورد لە راستی دا یەکن ( Turkish Facts, 1924: 596) .

کێشەی هێلی سنوری تورکیا بۆ باکوری میسوپۆتامیای ماندەیت، بە چارەسەرنەکراوی مایەوە. بەریتانیەکان رەتیانکردەوە ئەو هێلە بگوازنەوە باشوری مووسڵ، وە تورکەکانیش پێداگریان لەسەر گواستنەوەی هێلەکە دەکرد. ( The Lausanne Conference, 1923:535).

بە گویرەی بەندی ٣، بەشی ١ی پەیمانەکە، کە واژووکرا لە ٢٤ ی تموزی ١٩٢٣، دەبێ سنوری نێوان تورکیا وعێراق دیاربکرێت، بە ریکەوتن لە نێوان تورکیاو بەریتانیای مەزن لە نۆ مانگدا. ئەگەر لەوماوەیەدا نەگەیشتنە ریکەوتن، پێویستە کێشەکە ئاراستەی کۆمەلەی گەلان بکرێت ( Carter, 1926: 492). بەم شێوەیە بەریتانیا پشتی لە بەلینەکانی کرد بۆ دامەزراندنی کیانیکی کوردی سەربەخۆ.

## ئەنجام:

١. نەوت کاریگەریەکی سەرەکی هەبووە لە ئاراستەکردنی بەریتانیەکان و پەلهاویشتن بۆ ناوچە کوردییەکان لە ماوی لێکۆلینەوەکەدا، ئەمەش لە راسپاردەی ئەو لیژنانە دەردەکەوێ کە جەخت لەسەر کۆنترۆلکردنی ناوچە نەوتیەکان دەکاتەوە لە باشوری کوردستان، وە پاریزگاریکردن لە کێلگە نەوتیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، تەنانەت دوا واژوکردنی ئاگر بەستی مودریس.

٢. لە پێناوی دابینکردنی نەوت و بەردەوامی دان لە بەدەستهێنانی ئەو کالایە، شانشینی یەکگرتوو، چارەنوسی باشوری کوردستان(ولایەتی مووسڵ) ی بە دەولەتی عیراق گرێدا،تاوەکو ئیستاش کاریگەری ئەولکاندنە هەرماوە، دوای هەولێکی زۆر لەگەڵ تورکەکان، بەبێ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خەلکەکەی، ئەگەرچی بانگەشەی دەکرد نەوت بۆ دانیشتوانەکەیەتی، بەلام بەریکەوت لەگەڵ فەرەنسا پشکەکانی نەوتیان دابەشکرد.

٣. سیاسەتی بەریتانیا لە ماوەی لێکۆلینەوەکەدا، جێگرو لە نگەرگرتوو نیە لەسەر پەیرەوێکی دیاریکراو بەرامبەر بە کوردستان، ئەمەش بە ئاشکرا لە هەلویست نواندن لە سیڤەردا، دواتر پەراوێز خستنی ئەو قەوارەی بریاری لێ درابوو بۆ رازیکردنی تورکەکان، مافی نەتەوەیی کوردانی پەراوێزخست ئەگەرچی لە ماوەی شەرەکەدا بانگەشەیان بۆ دەکرد، رووداوەکان دەریخست کە بانگەشەکردنی مافی نەتەوەکانی دەولەتی عوسمانی بۆ پەردەپۆشکردنی هەولەکانی وەدیهێنانی نەوتە لە کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان:

### ا. بە زمانی کوردی


- ئاغجەلەری، پ.ح. ( ٢٠٠٧)، شاری کەرکوك لە نێوان سالانی ١٩١٧- ١٩٢٦، سلیمانی: دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی.
- ئەحمد، ك.( ١٩٧٦). کوردستان لە سالەکانی شەری یەکەمی جیهانی. بەغدا.
- لۆنی، ژ.د.(٢٠٠٨)، مێژووە نهێنیەکەی نەوت، وەرگێرانی، رەوف زوهدی.
- رحمانی، و.( ٢٠٠٩) کوردستان وکورد لە روانگەی نەخشەوانییەوە، هەولێر.
- زەکی، م.ئ. (٢٠٠٠). خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان. بەرگی یەکەم، سلیمانی: چاپخانەو ئۆفیستی شڤان.
- سەجادی، ع.( ٢٠٠٥). شۆرشەکانی کورد. تاران: ئەتلەس.
- نەوتی کوردستانی عێراق. ( ١٩٩٨). کتێب. بەشی دووەم. هەولێر. لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات وتۆژینەوە.


### ب. بەزمانی ئینگلیزی


- Buell، R. L. (1923). Oil Interests in the Fight for Mosul. Current History. Periodicals Archive Online، pg. 931.
- Carter، J.( 1926). THE BITTER CONFLICT OVER TURKISH OILFIELDS. Current History. New York. Periodicals Archive Online pg. 492.
- Earle، E. M. (1924 ). The Turkish Petroleum Company--A Study in Oleaginous Diplomacy. Political Science Quarterly، Vol. 39، No. 2 . pp. 265-279.
- Fitzgerald، E. P. (1994 ) France's Middle Eastern Ambitions، the Sykes-Picot Negotiations، and the Oil Fields of Mosul، 1915-1918. The Journal of Modern History، Vol. 66، No. 4 (Dec.،)، pp. 697-725.
- Geographical Elements in the Turkish Situation (1923). A Note on the Political Map. Geographical Review، Vol. 13، No. 1، pp. 122-129 Published by: American Geographical Society
- Gibson، M. (2012). British Strategy and Oil، 1914-1923. Phd University of Glasgow. College of Arts.
- Jones، G. G. (1977). The British Government and the Oil Companies 1912-1924: The Search for an Oil Policy. The Historical Journal، Vol. 20، No. 3 ، pp. 647-672.
- Kent، M. (1976). Oil and Empire. London : Macmillan.
- Lybyer، A. H. (1922). Turkey under the Armistice. The Journal of International Relations، Vol. 12، No. 4 ،pp. 447-473.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- Lybyer، A. H. (1925 )Turkey and the Near East .Current History. Periodicals Archive Online pg. 501
- Martin ،L. (1924)، The Treaties of Peace، 1919-1923 ،New York.
- Maunsell، F. R. (1897) The Mesopotamian Petroleum Field، The Geographical Journal، Vol. 9، No. 5 pp. 528-532.
- Mejcher، H.(1972). Oil and British Policy towards Mesopotamia 1914-1918. Middle Eastern Studies، Vol. 8، No. 3، pp. 377-391.
- Naamani، I. T. (1966).The Kurdish Drive for Self-Determination ،Middle East Journal. p.279
- Pirdawood، H. ( 2013). Kurdistan as a place of conflict between the great powers 1914-1924. MA. University of Bangor. College of Arts and Humanities.
- Polson Newman، E W. (1929). Middle East Mandates. The Contemporary Review; Jul 1، Periodicals Archive Online. pg. 705
- Sarkar، B. K. (1919). The Reshaping of the Middle East. The Journal of Race Development، Vol. 9، No. 4، pp. 332-343.
- Schmitt، B. E. (1960 ).The Peace Treaties of 1919-1920. Proceedings of the American Philosophical Society، Vol. 104، No. 1، pp.101-110.
- Tripartite Agreement between the British Empire، France and Italy Respecting Anatolia(1921).The American Journal of International Law، Vol. 15، No. 2، Supplement: Official Documents pp. 153-159.
- Tripartite Agreement between the British Empire، France and Italy Respecting Anatolia.(1921). The American Journal of International Law، Vol. 15، No. 2، Supplement: Official Documents ،pp. 153-159.
- Toynbee، A. J.( 1923 ). Angora and the British Empire in the East .The Contemporary Review، Periodicals Archive Online pg. 681.
- TRAVELLER ،(1921). MESOPOTAMIA. Fortnightly review. British Periodicals pg. 443
- The Lausanne Conference .(1923). Current History .New York. 17، 4; Periodicals Archive Online، pg. 531.
- Treaty of Peace، Sevres. (1920). Official document. PP 1-100.
- THE TURKISH PEACE TREATY. (1920 ). Current History . Periodicals Archive Online، pg. 716
- Turkish Facts and Fantasies. ( Jan 1، 1924). E. Foreign Affairs، Periodicals Archive Online، pg. 589
- World of Nations: Facts and Documents. ( Jul 1، 1920). The Contemporary Review. 118، Periodicals Archive Online pg. 253.
- ASIATIC TURKEY. FULL TEXT OF ALLIES' AGREEMENT WITH EX-TSAR. The Manchester Guardian ،Jan 19، 1918 .
- 10 YEARS AS SOVIET REPUBLIC: Progress of Transcaucasia ،Our Correspondent. The Manchester Guardian. ProQuest Historical Newspapers: The Guardian. Apr 30، 1930.
- The Catholic Press (Sydney، NSW : 1895 - 1942)، Thursday 20 September 1923، page 7.

# تأثير النفط على سياسة بريطانيا تجاه كردستان

## ١٩١٤-   ١٩٢٣

**الملخص:**

يتناول هذا البحث تأثير النفط على السياسة البريطانية تجاه كردستان خلال الفترة من ١٩١٤ إلى ١٩٢٣. مع اندلاع الحرب العالمية الاولى، حاولت بريطانيا السيطرة على المناطق الكردية. كان النفط أهم العوامل في تحفيز المملكة المتحدة على الالتفات إلى كردستان والتوقيع على اتفاقية سرية سايكس بيكو من أجل تقسيمها بين القوى الحليفة.

في ذلك الوقت، تقع مناطق النفط في بلاد ما بين النهرين فقط في مدينة الموصل، وهي منطقة كردية، وليست منطقة عربية.

خلال هذه الفترة، لم تكن السياسة البريطانية مستقرة تجاه كردستان، فقد تغيرت بشكل مستمر. في اتفاقية سايكس بيكو، وفي وقت لاحق خلال مؤتمر باريس للسلام، تنازع البريطانيون والفرنسيون مع بعضهم البعض حول حقول النفط في ولاية الموصل.

في أعقاب المناقشات التي جرت أثناء مؤتمرات السلام، وتوقيع معاهدة سيفر، تم تقسيم كردستان، إلا أن هناك ثلاث مقالات تتعلق بإقامة كردستان مستقلة، لكنها لم تشمل كل إقليم كردستان. بجانبها، تم استبدال المعاهدة بمعاهدة لوزان التي فضلت الحركة القومية التركية. مسألة الحدود بين تركيا والعراق لم تتم تسويتها.

ولم يوفر المؤتمر لقومية غير التركية مثل الكردستاني في عهد الدولة العثمانية حق تقرير المصير مثل القوى التي وعدت بها خلال الحرب.

***الكلمات الدالة: النفط، بريطانيا، كردستان، سيفر، سان ريمو.***



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# The impact of oil on British policy towards Kurdistan 1914-1923


## Abstract:

This research examines the impact of oil on the British policy toward Kurdistan، during 1914-1923. With the outbreak of the First World War، Britain tried to control Kurdish areas. Oil was the most significant factors in motivating United Kingdom to pay attention to Kurdistan and to sign Sykes Picot secret agreement in order to divide it between allied powers.

That time، The oil areas of Mesopotamia located only in Mosul Vilayet، which is Kurdish area، and not Arabic area.

During the period، British policy was not stable toward Kurdistan، it changed continuously. In the Sykes-Picot Agreement، and later in the course of the Paris Peace Conference، the British and French disputed with each other over the oilfields of the Mosul vilayet;

Following discussions during peace conferences، and the signing of the Treaty of Sèvres، Kurdistan was divided، however، three articles concerned the establishment of an independent Kurdistan ،but it did not include all Kurdistan. Beside it، The Treaty was replaced by the Treaty of Lausanne which favoured the Turkish nationalist movement. The issue of the border between Turkey and Iraq was not settled.

The conference did not provide non-Turkish nations such as Kurdish within the Ottoman Empire with self-determination as the powers promised during the war.



***Key words***: *Petroleum, Britain, Kurdistan, Sever, San Remo.*